


سەرچاوە
Serchawe




# پیرۆزبێ ٧٨ ساڵ خەباتی نێوچانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# لە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

* دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا ............................ دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر ..... ٤
* بزووتنەوەی ژنان و دینامیزمی دەسەڵات لە ئێراندا .................................. دیمانە شەونەم هەمزەیی ..... ١١
* پیرۆزبایی بە بۆنەی سالرۆژی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان .................. بەیان کەریمی ..... ٢١
ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا .................................. دیمانە شەونەم هەمزەیی ..... ٢٨

* بەشێک لە پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنان

لاپەڕەی .............................. ٣٧

- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە...
- عیسمەت نستانی...
- قادر وریا...
- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان...
- حەمەڕەسووڵ کەریمی...
- شوعلە قادری...
- ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی...
- حەسەن حاتەمی...
- بنکەی توندووتیژی دژ بە ژنان لە کۆیە...
- ڕۆژنامەنووس دێدەوان یەعقوب...
- کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان...

※ بەشێک لە پەیامی پیرۆزبایی و یادکرنەوە بە بۆنەی دامەزرانی ٧٨ ساڵەی یەکیەتیی ژنان

لاپەڕەی ... ٧٣

- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ...
- ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
- یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان...
- پەیامی تۆڕی میدیایی: کوردانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات...
- بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...
- بەرز ڕاگرتنی جێژنی ٢٤ی ڕەشەمە لەمەڵبەندی ١ی کوردستان...
- بەرز ڕاگرتنی ٢٤ی ڕەشەمە لە کەمپی گردەچاڵ...



# دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا



وتوویژ لە گەڵ سیاسەتمەداری تێکۆشەری کورد بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر

**شنۆ مێهرپەروەر: یەکێک لە دەسکەوتە هەرەگرینگەکانی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی**

**کوردستان بوو، لە ٢٤ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ دا، بە بڕوای بەڕێزتان ژنان تا چەند توانیویانە لەو دەسکەوتە گرینگ و پڕ بایەخە کەڵک وەرگرن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە پێش دا ئیجازە دەخوازم بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی لە تێکۆشەرانی نێو ریزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەم. لە جوابی پرسیارەکەدا، ئەمن پێموایە ئەگەر بە پێوانەی ئەمڕۆکە هەڵیسەنگێنین، رەنگە پێمان وابی کە ژنان نەیان توانیوە لەو دەسکەوتە بەو شێوەیەی کە پێویستە کەڵک وەربگرن. بەڵام وا باشە پیاو لە هەر مەسەلەیەکی وادا بۆ هەڵسەنگاندنی بگەڕێتەوە وەختی خۆی، بگەڕێینەوە بۆ شەست ساڵ لەمەوبەر، بۆ کۆمەڵی ئەو وەختی کوردەواری کە ژنان بە ئینسانی ئەگەر بڵێم پلە دوو خاترم گرتوون دەنا بە ئینسانی پلەسێش دەناسران، دەرکەوتنی ژنان بۆخۆی عەیبێک بوو، ژن حەقی نەبوو حەتتا لەنێو خانەوادەش دا، بێتە ئەوجێیە کە میوانی لێدانیشتوە، لە مەجلیسان دا بەشدار بێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا رووناکبیرێکی گەورە هەڵ دەکەوێ (مەبەستم پێشەوا قازی موحەممەدە) کە لەگەڵ ئەفکاری تازەی نەک کۆمەڵی کوردەواری، نەک ئێران و تەنانەت نەک هەر رۆژهەڵاتی نێوەراستیش، بەڵکوو دەگەڵ ئەفکاری تازەی دنیای پێشکەوتوو دەژی. ئەو هەوڵ دەدا رێگایەک بۆوەی بکاتەوە کە ژنان وەکوو ئینسانی پلە یەک سەیر بکرێن، لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشدار بن، نەقشی خۆیان بەو جۆرە کە پێویستە، (ئەوەندەی دەکرێ)، بازی بکەن، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین دیارە حیزبی دێموکرات رەنگە کەسی دیکەی وەکوو قازی موحەممەدی تێدا نەبووبێ، بەڵام هیچ نەبێ قوتابیی باشی هەبوون کە حازر بوون فیکرەکانی وی، ئیدە پێشکەوتووەکانی وی وەربگرن. ئەوە بۆخۆی زۆرە. حیزبی دێموکراتیش دیارە باوەڕی بەو شتانە هێناوە. لە فورسەتێکی ئاوادایە کە رێگە دەدرێ بە دروستبوونی رێکخراوێکی تایبەتی بۆ ژنان کە ئێستاش رەنگە بەتەواوی مەعلووم نەبێ،ناوی چیە؟. ئەگەر تەماشای رۆژنامەی "کوردستان" دەکەین، رەنگە دەقاودەق نەبێ، بەڵام شتێکی لەو بابەتە دەڵێ "حیزبی دێموکراتی ژنان"، ئەوانەی کە وەبیریان دێ دەڵێن، ناوی یەکیەتیی "یایانی" کوردستان بووە، کەلیمەی "یا"ی لە کوردستان بۆ ئیحترام لەجیاتی خانم بەکار دەبرێ، بە هەرحاڵ رێکخراوێک بۆ ژنان پێک دێ، ژنان لەو بارەیەوە ئەگەر تەماشای هەلومەرجی ئەو وەختی بکەین دەتوانم بڵێم بە باشترین شێوە ئیستیفادەیان لە وەزعەکە کرد. پێش هەموو شتێک بەوەی کە هاتنە نێو کۆمەڵ. ئەوەش دیسان دەستپێشخەریی شوجاعانەی شەخسی پێشەوا قازی موحەممەد و دوایەش هێندێک لە رێبەرانی حیزب کۆمەکی کردوە کە مەسەلەن وەک هەموو کەس دەزانێ، مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا قازی موحەممەد، نەفەری یەکەمی ئەو رێکخراوەی ژنان بووە، لە پاشان هێندێک لە ژنەکانی دیکە ئەوانەن کە لە دەوروبەری حیزب بوون، مەسەلەن خانمی شاسولتان خانمی فەتاحی قازی، هەر لە بنەماڵەی قازییە، خانمی رەعنا فرووهەر، خانمی خەدیجەی حەیدەری، ئەوانە لە ژنانێکن کە لە خانەوادەکانی نێزیک لە رێبەرایەتیی حیزب و کۆمارن.

دەستپێشخەری یان کردوە، ئەوانەیان هێناوە لە تێکۆشانی سینفیی ژناندا بەشداریان کردوون، ئەگەر حیسابی وەی بکەین ئەوان باشیان توانی ئیستیفادە بکەن، ئەوەڵەن هاتنەنێوجامیعە، ڕێکخراویان پێک هێنا، حوزووری خۆیان و تواناکانی خۆیانیان نیشان دا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانی جمهووری، تەماشا دەکەین لەزۆر موناسەبەت دا ژنێک هەستاوە هاتوە پەیامی خوێندۆتەوە، ئەو وەختی ژن حەقی نەبوو لە مەجلیسێکی خسووسیدا قسان بکا، وەجەواب بێ، باوەڕ کەن ئێستاش بەقایای ماوە کە ئەگەر ژن دێتە نێو قسان لە خانەوادەدا، دەڵێن ئەتۆ قسان مەکە، حەقی تۆ نیە قسەی لێ‌بکەی، ئەو وەختی هەر کفر بوو، بەڵام دێ لەپشتی میکرۆفۆن بێ ئەوەی دەستی بلەرزێ، زاری تێکەڵ پێکەڵ بێ، وتار دەخوێنێتەوە، شێعر دەخوێنێتەوە، ئەوە شتێکی یەکجار زۆر بوو، خۆیان نیشان دا خۆیان ڕێکخست، تواناکانیان نیشان دا. ئەمن پێم‌وایە ئەمە ئەگەر بە پێوانەکانی ئێستاش حیساب بکەین بە دەسکەوتی گەورە حیساب دەکرێن، جگە لەوەش شاراوە نیە کە ئەوەی ئێستاش هەمانە، لەواقیع دا درێژە و ئیمتیدادی ئەوەیە کە لەو وەختەدا دەستی پێ‌کردوە، ئەوەی کە مەشهوورە، دەڵێن ڕێگەی هەزاران فرسەق، بە هەنگاوێک دەست پێ‌دەکا. ئەمە هەنگاوێک بوو هەنگاوێکی بڵێندیش بوو، نەک هەنگاوێکی بچووک. کەوابێ دەبێ هەم بەڕێزەوە یادی ئیقدامی پێشەوا و کۆماری کردستان و حیزبی دێموکۆاتی کوردستان بکەینەوە، هەم تەقدیر لە بەشداریی چالاکانەی پێشەنگانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین کە ڕچەکەیان شکاند، ئەو کەندوکۆسپەیان لابرد. لە پاشان بناغەیەکیان دانا کە هەتا ئێستاش یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەری دەڕوا.

**شنۆ میهرپەروەر:** پێتانوایە ژنان، مەبەستمان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، کە شەست ساڵەی تەمەنی تێپەڕ دەکا، چی بکا بۆئەوەی چالاکانەتر و بە ئینسیجامێکی زۆرترەوە لە خەباتی نەتەوایەتی کورددا بەشداری بکا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:** ئەمن پێموایە ژنان چ وەکوو ژن وەکوو یەک عونسور، چ وەکوو یەکیەتیی ژنان و وەکوو ڕێکخراوێک دوو ئەرکیان لە پێشە، ئەرکێکیان ئەوەیە وەکوو هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بن، چونکە حەللی موشکیلی نەتەوایەتی بە بێشک کۆمەک دەکا بە حەللی هەموو گیروگرفتەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و... تا نەتەوەیەک چارەنووسی خۆی بە دەستەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ ئەو گیروگرفتانەی دیکە کە بە دەرەجە دوو و دەرەجە سێ حیسابن چارەسەر بکا، جا ئەمن لە وەڵامی پرسیارەکەدا، پێموایە ژنان هەروەها یەکیەتیی ژنانیش چالاکن. ئەمن بەو عەینەکە ڕەشەوە تەماشای ئەو شتانە ناکەم. پێمخۆشە شتەکان لە چوارچێوەی وەزعی مەوجووددا هەڵسەنگێنم، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەن ژنان لە خەباتی نەتە وایەتیی میللەتی کورددا بەشدارن، بگەڕێوە بۆ تاریخی ئەو بیست و حەوت ساڵەی کە بە هاتنە سەرکاری جمهوریی ئیسلامی دەست پێ‌دەکا. لەو ماوەیەدا بە سەدان و بگرە بە هەزاران

تێکۆشەری ژن دەبینن، دەبینن کە لەنێو ریزەکانی پێشمەرگەش دا، (کاری پێشمەرگایەتی شاراوە نیە، کارێکی سەختە)، ئێمە ناوی بە دەیان و سەدان عونسوری ژن دەبینین کە پێشمەرگایەتی یان کردوە، لە خەباتی چەکدارانەدا بەشدار بوون و تەنانەت شەهیدیش بوون و زۆر ناوی بەرزی شەهیدانیشمان هەیە کە لە ژنانن، کەوابی ئەوان هەر ئێستا لە ئیدارەی وڵاتدا بەشدارن، پاشان ئێستا ئەگەر تەماشا بکەین. ژنان وەکوو عونسوری ژن لە داخلی وڵاتدا لە تێکۆشانی سینفی یان سیاسی بەڕاستی بەشدارن، ژنانی زۆر ئازامان هەن، ئاگاهیی سیاسی یان لایەقی خۆیانە، یانی بەو جۆرە کە حەقیانە، چونکە ئەگەر ژنان لە هێندێ بارەوە قابلییەتیان لە پیاوان پتر نەبێ، بە بێشک لە پیاوانیش کەمتر نین لە باری ئیستعداد و لێوەشاوەیییەوە،لە پاشان بە جورئەت و بەشەهامەتەوە هاتوونە مەیدان، تەنانەت هێندێ لەمپەریشیان بە ئازایەتیی خۆیان پەڕاندوون. رەنگە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هێندێک سوننەتمان مابن لە کۆمەڵی کوردەوارێدا کە بنەماڵە، باوکان، برایان، مێردان حەزیان لەوەنەبێ کچەکانیان، خۆشکەکانیان یان ژنەکانیان زۆر واریدی فەعالییەتی سیاسی و ئیجتماعی ببن، بەڵام بەو حاڵە ئەو لەمپەرانەیان پەڕاندوە لە فەعالییەتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان نەتەوایەتیدا بەشدارن. ئەوە جێی شانازییە و ئەگەر تەماشای یەکیەتیی ژنان و بڵێین فەعالییەتی سیاسی . رێکخراوەییش بکەین دیسان ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەک ئەندام هەن، لەنێو کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە خۆشی یەوە کەسانی وامان هەن کە جێگای شانازین و فەعالییەتیان زۆرە و ئەگەر تەماشای کاری خودی یەکیەتیی ژنانیش بکەین ئەمن وەزعییەتی یەکیەتیی ژنان ئێستا بە باشی هەڵدەسەنگێنم، بە تایبەتی لە حەوت، هەشت ساڵی ئەخیردا ئەم یەکیەتی یە، هەنگاوێکی تازەی بەرەوپێش ناوە: گۆڤارێکی هەیە، پیاو بەرێزەوە تەماشای دەکا، یەکیەتیی ژنان دەتوانێ شانازیی پێوە بکا و بینێرێتە نێو گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان، کە رەنگە قەت لە رابردوودا شتی ئاوای نەبووبێ، بەرنامەی رادیۆیی هەیە، دیسانەکە موحتەرەمە، لەپاشان بەرنامەی فێرکردنی هەیە بۆ ژنان. لە مەجالاتی جۆراجۆردا توانیویەتی دەورە بکاتەوە با دەوری کورتخایەنیش بن، بەڵام سەعی بکا لە بواری جۆراوجۆردا ژنان و کچانێک کە یەکیەتیی ژنان دەستی وێیان رادەگا فێری شتی تازەیان بکا لەوانەش بەولاوەتر یەکیەتیی ژنان با لەرادەی پێویستیش دا نەبێ (دڵخواز نیە بە بێشک)، بەڵام پێوەندیی دەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ژنان هەیە بەتایبەتی لە کوردستاندا، دەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان، دەگەڵ زۆربەیان پێوەندیی هەیە، دەگەڵ هێندێ رێکخراوی خاریجی کوردستان بڵێین رێکخراوی ژنان لە ئێران یان لە هێندێ جێگای دیکە. هێندێک پێوەندیی دامەزراندوون، رێگای لەبەردەم ئاوەڵایە کە شتی گەورەتر لەوەش بکا مەسەلەن ئەو بەینانە وانیشان درا کە یەکیەتیی لاوان لە یەکیەتیی لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دا، وەرگیراوە، نەخەیر دەکرێ بڵێین فەعال بوو، دەنا هەر ئەو رۆژەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بووینە عوزوی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست، هەر لەو رۆژەدا کورسییەک بۆ یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان لەنێو یەکیەتی یەکانی ژنان و لاوانی سەربە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دانراوە، هەر لەو رۆژەوە ئێمە هەقمان هەبووە ببین بە ئەندام

سەرچاوە Serchawe

لەو یەکیەتی یانەدا بەڵام ئێستا دەستیان بە چالاکیی کردوە.

**شنۆ میهرپەروەر:** پێتان وایە بە فەعالییەت دەتوانن ئەم کارە بکەن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** بەڵێ، کورسی یەکە هەیە، بەڵام دەبێ عەناسیری چالاکت هەبێ، ئەمن بەش بەحاڵی خۆم زۆرم هەوڵ دا کە لانی کەم یەک ژنی وا هەبی هەم زمان بزانێ هەم بتوانێ وەخت دابنێ، مایە لەخۆی دابنێ بۆ ئەوەی بچێ کورسی یەکە بگرێتەوە لە پاشان لە موناسەباتی جۆراوجۆردا، مەسەلەن هەیئەتێک دەچێ بۆ سیمینارێک، بۆ فستیڤالێکی ژنان، بۆ کۆنگرەیەکی ئەنتێرناسیونالی ژنان، هەیئەتەکە ئەو وەختی مەجبوور نیە حەتمەن هەر ئەو کەسە بێ یان بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات بێ، لە دەرەوەی وڵات دەبێ ئەڵقەیەکت هەبێ کە فەعال بێ، بەڵام بۆ ئەو موناسەبەتانە باشترە یەک، دوو، سێ، چوار، چەندی مومکین بێ لە داخیلی وڵاتەوە بچن، ئەوزاعی وڵات چاتر بزانن، لە پاشان وەکوو نموونەی ژنی کورد کە لە کۆمەڵی کوردەواری یەوە چووە نیشانی هاوکار و هاودەردەکانی خۆیانیان بدەن " بەڵام بۆ ئەوەی لەم قوناغەدا باشتر گەشە بکا. ئەمن پێموایە یەکیەتیی ژنان ئەمڕۆکە مەیدانێکی بەرتەسکی هەیە، یەکیەتیی ژنان ناتوانێ لەنێوخۆی وڵاتدا بە ئاشکرایی فەعالییەتی هەبێ، یەکیەتیی ژنان حیزبی سیاسی نیە کە بچێ کاری تەشکیلاتیی نهێنی بکا، ئەگەر وای لێهات ئەوەی بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی بیگرن لە واقیعدا، ئەوە فایدەیەکی نیە ئەوە حیزبی سیاسی هەن ئەوەی دەکەن، بەڵام یەکیەتیی ژنان ڕێگەی دیکەی هەیە، هەم ئێستا ڕەچاوی بکا و هەم لەعەینی حاڵدا بۆ ئایندە بناغەیەکی باش دارێژێ. یەکێک لەو کارانە کە دەتوانن لەو بارەیەوە بیکەن، ئەوەیە کە گۆڤارەکە سەعی بکەن بە ڕێگای جۆراوجۆردا بەدەستی ژنانی داخیلی کوردستان بگا. لە داخیلی کوردستان و سەرتاسەری ئێران و لەو جێگایانەی کە ژنی فەعال و ژنی هوشیار و ئاگاهی کورد هەن پێیان بگا، لەپاشان چەندی بکرێ سایتی یەکیەتیی ژنان فەعالتر بکرێ. جەزابتر بکرێ بۆوەی ژنان بۆی ڕاکێشرێن. شتێکی دیکە کە ئەمن پێموایە بۆ ئایەندە دەبێ ئێستا کاری بۆ بکرێ، پەروەردەکردنی ئەو ژنانەیە کە ئێستا یەکیەتیی ژنان لێرە یان لە ئورووپا دەستی وێیان رادەگا، یانی سەعی بکا کادرسازی بکا بۆ ئایندەیەکی کە ئارەزوومان ئەوەیە زۆر دوور نەبێ، ئێمە بتوانین لە وڵاتی خۆماندا یەکیەتیی ژنان وەکوو ڕێکخراوێکی ئیجتماعی بە بەربڵاوی ببینین کە ئەو وەختی دەبێ کادرت هەبێ، بە تایبەتی کادری تەشکیلاتی، دیارە بمانەوێ و نەمانەوێ، دەگەڵ ئەوەی بەخوشی و شانازی یەوە ئێستا ژنانێکی زۆر هەن لە داخیلی وڵاتدا کە پلەی وشیاریی سیاسی یان ڕەنگە لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لێرە، تەنانەت لە ئەندامانی ڕێبەرییش لەسەرەوەتر بێ (شانازی بە وانەوە دەکەین) بەڵام کە ڕۆژێکی ئەوا هاتە گۆڕێ، ئەو ژنانە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن، گەرانەوە بۆ وڵات ژنان ئینتزاریان لەوان هەیە، کە بۆ زۆرشت سەرچاوە بن، لێیان فێربن، ڕێنوێنی یان بکەن، سازمانیان بدەن و بۆ ئەوە یەکیەتیی ژنان دەبێ لەفیکردا بێ کادر پێبگەیەنێ، چەندی بکرێ زیاتر دەورە بکاتەوە، لەباری سیاسی یەوە، لە باری

رابردووی خەباتی رزگاریخوازانەی ژنانەوە و لە هەمووی موهیمتر لە باری کاری رێکخستن و تەشکیلاتی یەوە، پێموایە ئەوە دەتوانێ کۆمەکێکی زۆر بێ بۆ ئایندەی یەکیەتیی ژنان، بۆ ئەو رۆژەی هەموومان ئارەزوو دەکەین، یەکیەتیی ژنان لەو جێیە بێ کە دەبێ لێی بێ، ئێستا ئەمە ئەوانەی کە هەمانە ئەو رێکخراوانە زیاتر فەعالییەتەکەیان لە نێو ئەوانەدایە کە دەربەدەرن، بەڵام ئەو وەختی لەنێو جامیعەی کوردەواریدا، دەتوانن پتر فەعال بن.

**شنۆ مێهرپەروەر**: بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا، بە حوکمی ئەوەی کە جەنابتان تەمەنێکی دوورودرێژ لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا خەریکی تێکۆشان بوون و ماوەی نزیک بە یەک دەیەش سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، پێم باشە ڕای بەرێزیشتان وەربگرم سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بۆچی تا ئێستا کەم ژن چوونەتە ئاستی رێبەری، بەرپرسایەتی یان کەمتر پێ ئەسپێردراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: رەنگە ئەمە زیاتر لە هۆیەکی هەبێ، هۆی جۆراوجۆری هەن. پێش هەموویان بمانەوێ و نەمانەوێ دواکەوتوویی، کۆمەڵی کوردەواری هێندێک سوننەتی خراپی تێدا هەن کە تەئسیریان کردۆتە سەر ئەو جۆرە بوارانە، یانی ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین ئێستاش دەگەڵ بێ دیدگای پیاوان تەنانەت دیدگای ژنانیش بۆ بەرابەریی وەک یەک لەنێوان پیاو و ژن دا لەو مەجالە سیاسی و کۆمەڵایەتی یانەدا دروست نەبوو، ئەوە کە داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوەی دەکا، هێندێ شتی دیکەش دەگەڵ خۆی دێنێ، ئەوە کە بەهەرحاڵ دەگەڵ ئەوەی ئێستا فەرقەکەی دەگەڵ جاران زۆرە، بەهەرحاڵ ژنان مەیدانی پێگەیشتن و خوێندەواربوونیان کەمتر لەبەر ئاوەڵایە، تا پیاوان، یانی ئێستایش دەگەڵ بێ ئەوەندە کە خەڵک کوڕەکانیان دەنێرنە مەدرەسە بەو رادەیە کچەکانیان نانێرنە مەدرەسە. ئەوە یەقینەن کارێکی وای کردوە. کە ئەو قابلیەتانە لە ژنان دا پەروەردە نەبن. بە بێشک هەیە، بەڵام پەروەردە نەبووە، لەوە موهیمتر ئیجازەدان بۆوەی ژنان بەو جۆرە بێن واریدی فەعالییەتی سیاسی بن، ئەوەش رێگاکەی زۆر بەرتەسکترە، مولاحەزە بکەین هەر ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین و لاوەکان دێن بۆ پێشمەرگایەتی، ئەمە لە فەزایەکەوە دێن کە خەفەقانی تێدایە، ستەمی نەتەوایەتی زۆر لەمە چاتر هەست پێدەکەن، ئێمە دەرکی دەکەین بەڵام هەستی پێی ناکەین، بە قەولی مەشهوور لەمسی ناکەین، ئەوانە بە گۆشت و خوێن و رەگو پێستەوە هەستی پێدەکەن، بەڵام ئێستاش کە تەماشا بکەین لە موقابیل هەر کچێکدا کە دێ بۆ پێشمەرگایەتێ رەنگە چوار و پێنج و شەش کوڕ بێن، بۆ؟ ئەوە دیسانەکە دەلیلی ئەو قەید و بەندەیە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەسەر کچەکان هەیە، بۆیە ئەمە دەتوانین بە یەکێک لە هۆیەکان دابنێین. شتی دیکە سەختیی هەلومەرجی خەباتەکەمانە. ئێمە لە وڵاتی خۆمان نیین، وەکوو حیزبێکی عەلەنی، ئازاد کار بکەین و ژنانیش بتوانن لە فەعالیەتی سیاسیدا بەشدار بن. بێجگە لە مەسائیلە کۆمەڵایەتییەکە ژنان بۆ خۆیان هێندێ موشکیلاتی دیکەیان هەیە کە

٢٤ی ڕەشەمە

پێویست نیە زۆر تەوزیحی بدەم. هەموو کەس ئەو موشکلاتە دەزانێ کە بۆ ژنان هەیە، بۆیە تەحەممولی هەلومەرجی سەختی خەبات بۆ ژنان دژوارترە لە پیاوان، لەبەر ئەوە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی، چونکە لەنێو حیزبیش دا، بۆخۆی عادەتێکیوا هەیە دەبێ وردە وردە بەشدار بێ لە خەباتەکەدا و لە فەعالییەتەکەدا و کەم کەم پلەکانی پێشکەوتن و تەرەقی ببڕێ، ئەمەش یەکێکە لە شتەکان. شتێکی دیکە کەمێک بەعوزرەوە لە خۆشکەکان، بێ ئیعتمادیی ژنەکانە بە خۆیان، یانی خۆ نادەنە موبارەزە، با بۆ یەکەمجار ئەوە بڵێم خەڵک بی بیسێ، زۆرجار ئێمە هەوڵمان داوە کچەکانمان، خۆشکەکانمان، ئەوانە کە خوێندەوارن، بێن واریدی فەعالییەتی زیاتر بن، حازر بە فەعالییەتی جیددی نین. ئیعتماد بە نەفسی تەواویان تێدا نیە، دەخۆیان ڕا نابینن، لەحالێکدا هیچیان لە پیاوان کەمتر نیە، مەسەلەن دەبینن لەباری پلەی خوێندەواری یەوە وەکوو کوڕەکان خوێندەوارە، لەباری تێگەیشتنی سیاسی یەوە وەکوو وانە. کەچی کە داوای لێدەکرێ بێتە پێشەوە بۆخۆینایەتە پێشی، ئەمن پێموایە تەنیا راحەت تەلەبی نیە، رەنگە راحەت تەلەبی بۆ هەموومان ئەوەی تێدا هەبێ، هەموو کەس پێی خۆشە وەزعەکەی باش بێ، خۆی ماندوو نەکا، بەڵام زیاتر ئەو ئیعتمادبەنەفس نەبوونەیە کە ئەوان وادار دەکا کەمێک خۆ لە کاری جیددی و عەمەلی بپارێزن، کە دیارە سەختیشە، بەڵام لە هەمووی موهیمتر ناتوانم ئەوەی نادیدە بگرم کە پێموایە تەقسیری حیزب دێموکراتی کوردستانە و لەپێش هەمووانیش دا بە خۆم دەڵێم، پێموایە ئێمە لەو بارەیەوە کارمان کەم کردوە نابێ خەتایەکەی خۆمان نەبینین، دەبێ بی بینین، چونکە ئەگەر نەی بینین قەت چارەسەری ناکەین، دەگەڵ ئەوەی وانیەکە هیچ هەوڵمان نەدابێ بەڵام پێموایە هەوڵی پێویستمان نەداوە، لە پاشانیش ئەو دیدگایە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا هاتۆتە نێو حیزبی دێموکرات کە ژن نابێ وەکوو پیاوان واریدی ئەو جۆرە مەیدانانە بێ، بەداخەوە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دا، لەنێو پیاوەکاندا ئێستاش هەر هەیە، رۆحی شاد بێ "دوکتور قاسملوو" دەیگوت، لە یەک کەلامدا پیاوانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی مەسەلەی ژنانەوە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە، بەو سەراحەتەوە دەیگوت، یانی دەگەڵ ئەوە حیزبەکە هەموو رێگایەکی کردۆتەوە، بەرنامەی حیزبەکە موساواتی موتڵەق لەبەینی ژنو پیاودا قائیلە، بەڵام پیاوەکان لەعەمەل دا بەو جۆرە نین. کەوابێ دەتوانم بڵێم بۆ ئێستا ئیدی خەتای حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە کەمکاریمان کردوە. لەپێش دا بەخۆم دەڵێم، جا دوایە بە هەر کەسی دیکە. ئەو خەتایە نابێ بشارێتەوە، چونکە ئەگەر بشارێتەوە، عەیبەکە نابینین قەت هەوڵی چارەسەرکردنیشی نادەین. هیوادارم دیدگایەکان بگۆڕێن، لە هەمووشی موهمتیر ئارەزووم ئەوەیە کە شەرایەتێکی وا بخولقێ کە موشارەکەتی ژنان لە کاروباری سیاسی و لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا زیاتر بێ، ئەو وەختی بۆ خۆیان ئیجازە نادەن کە ئەوا حقووقیان پایەماڵ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: مارچی ٢٠٠٦

# بزووتنەوەی ژنان و دینامیزمی دەسەڵات لە ئێراندا



نیوەی دووهەمی مانگی ڕەشەممە دوو بۆنەی تێدا کە بۆ باس لەسەر پرسی ژنان گرینگن. ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و ٢٤ی ڕەشەممە، ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان. ئەم بۆنە مێژووییانە هەم دەرفەت و هەم بیانوون بۆ ئەوەی پرسی ژنان و چەندیوچۆنیی ڕەوتی مافخوازیی ئەوان هەڵسەنگاندنیان بۆ کرێ. کە باس لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، یان تایبەت کە باس لە بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ئێران دەکەین، چاومان دەچێتە سەر ئەو قۆناغگەلەی بزاوتی ژنان بڕیویەتی.

**حەلیمە ڕەسووڵی**، سکرتێری پێشووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەڵێ لە ئێراندا و لە پێش مەشرووتەوە ژنان بە شێوەی تاکەکەسی لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا حزووریان هەبووە. لە بزووتنەوەی مەشرووتەدا ئەم حزوورە لەئاستی تاکەکەسی دێتە دەرەوە و گشتگیرتر دەبێ، لە دەورانی پەهلەویی دووم ڕەوتێکی گشتگیرتر و ڕادیکاڵتر بەخۆیەوە دەگرێ و لە سەرەتاکانی دەیەی شەستی هەتاویدا بە لووتکەی خۆی دەگا. پاش شۆڕشی ٥٧ و بەهۆی سەرکوتی هەمەلایەنەی هێزە سیاسییەکان و دروستبوونی فەزای وەحشەت و هەروەها شەڕی ئێران و عێراق، بزووتنەوەی

ژنـانیش تووشی نسکۆ دەبێ و بەشێکی زۆر لە ژنـان خانەنشین دەکرێن یـان تووشی زینـدان و ئەشکەنجە و ئێعدام دەبن، کۆمەڵێکیش ناچار دەبن وڵات بەجێ بهێڵن و پەڕیوەی هەندەران بن. لە دەوڵەتی دووهەمی ڕەفسەنجانی بەهۆی پەرەگرتنی نرخی نەوت و سیاسەتی "دەرگای کراوەی ئـابووری" لە لایەن دەوڵەتەوە، بزووتنەوەی ژنـان جارێکی دیکە پەرە دەگرێ و، مەحفەڵە نهێنییەکانی ژنـان لە هەبـوونی یەکتر ئـاگـادار دەبنەوە و پێکەوە پێوەنـدی دەگرنەوە. ئەم پێوەنـدییە بـووە هۆی ئەوەی کە بتـوانن لە دەورانـی ئیسلاحات جـارێکی دیکە ببنە چینێکـی شـوێندانەر لە کـۆمەڵگە و بە دروستکردنی سـەدان ڕێکخراوەی ناحکومی و بڵاوکردنەوەی دەیـان گۆڤـار و ڕۆژنـامە، لە مـاوەیەکی زەمـانی کورتخایەنـدا هێـز و توانـای خۆیـان بە دەسەڵات بسەلمێنن. بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی بناژۆخوازی ئەحمەدینەژاد چالاکیی ژنان جارێکی دیکە تووشی نسکۆ بـوو، بەشێکی هەرەزۆری ڕێکخراوەکـان و چالاکییەکـانی ژنـان ڕاگیـرا، تەرحـی تەفکیکی جنسییەتی و گەشتی ئیرشـاد فەزای بـۆ حزووری ژنان لە عەرسەی کۆمەڵگە لە جاران سەختتر کرد و وەستانی ئـابووری، گەشەی هەژاری، بێکـاری و هەڵاوسان لە دەورانی ڕۆحانی ڕەوشی چالاکییەکانی ژنانی خراپتر لە جاران کرد. لە کوردستـانیش لە دەورانـی قەدیمەوە لە سەرتـاسەری کوردسـتان حکومەتگەلی خـۆجێیی لەسـەر کـار بـوون کە بە پێچەوانەی نەتەوەکـانی دەوروبـەر، شـوێنپێی ژنـان هەمیشـە لە دەسـەڵاتداری و سیاسـەتدا دیـار بـووە، تەنـانەت لە هێنـدێک شـوێنیش دەبینیـن ژنـان بە پۆستی حـوکمڕانی گەیشـتوون کە حوکمڕانی گەورە شاری حەڵەب لە لایەن "زیغە خاتوون" و حوکمڕانی شاری ڕوانسەر لە لایەن "حەمیدە خانی ئەردەڵان" جێی ئاماژەیە. لە جیهانی هاوچەرخدا و بە هاتنی مۆدێرنیتە، ژنـانی کـوردیش لە قـافڵەی دنیـای نـوێ بەجێ نەمـاون. یەکەمین ڕێکخراوی ژنان لە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن کۆمەڵەی کوردانی تەبعیدی لە ئیستەنبوڵ دامەزرا و پـاش ئەوە لە سـاڵی ١٩٢٠ لە سەردەمی حکومەتی خودموختاری شێخ مەحموودەوە، "حەفسەخانم" ڕێکخروای ژنـانی بونیـات نـا، لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستـانیش لە ساڵی ١٣٢٤دا ، پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، "یەکیەتـی ژنـانی دێمـوکراتی کوردستان" دادەمەزرێ. پـاش کۆمـاری کوردستان لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان تابعێک بوو لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێـران، هاوکـات لەگەڵ کـرانەوەی فەزای سیاسی لە ئێران بزووتنەوەی ژنانیش پەرەی گرتـوە و بە داخرانی فەزای سیاسی بـزووتنەوەی ژنـانیش تووشی نسکۆ بووە.

**ئەگەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنـانی دێموکرات بە دەسپێکی قۆنـاغی کـاری ڕێکخراوەیـی ژنـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بەمەبنا وەربگرین، هەر لەجێدا ئەم پرسیارە دەگووڕێ کە بەستێن و زەروورەتی دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیە چی بوو؟**

**عیسمەت نستانی**، یەکێکی دیکە لە سکرتێرەکانی پێشووتری ئەم ڕێکخراوەیە دەڵێ کە بـاس لە دامەزرانی یەکیـەتیی ژنان دەکەین، دەبێ بگەڕێینەوە سەردەمی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستـان، چونکی ئەو ڕێکخراوەیە ڕاستەوخۆ لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە و دامەزرا. بۆیە هەمان ئەو زەروورەتەی لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستاندا بۆ

دامەزرانی حیزبی دێموکرات هەبوو، سەبارەت بە ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیش هەبوون. لەو سەردەمەدا واتە ٧٤ ساڵ بەر لە ئێستا کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک بەشێک لە ئێران کۆمەڵگەیەکی سوننەتی و نەخوێندەوار و گەشەنەسەندوو بوو، لەو نێوەدا دۆخی ژنان خراپتریش بوو. ژنان بە هیچ شێوەیەک ئاگایان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و ئەو پێشکەوتنانە نەبوو کە لە بزووتنەوەکانی ژناندا لە گۆڕێ بوو و تا ڕادەیەک توانیبوویان بەشێک لە مافەکانیان دەستەبەر بکەن. لە وەها بارودۆخێکدا ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و بە تایبەت قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان دەستپێشخەری دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان دەکا بۆ ئەوەی ژنانی کورد بە مافەکانیان ئاشنا بن و پەیوەست بن بە کاروبارەکانی نێو کۆمەڵگە. ئەو دەستپێشخەری و پشتگیرییەی پێشەوا وای کرد زۆر زوو ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە دەوری یەک کۆ ببنەوە و بە هیممەتی ژمارەیەک لە ژنانی تێگەیشتوو و خوێندەواری وەک خەدیجە حەیدەری، یاوەیلەمەی سەیدیان و مینا خانمی قازی و ...هتد تەمرینی کاری ڕێکخراوەیی بکەن. ئەوڕۆکە لە دوای ٧٤ ساڵ چاو لەو مێژووە دەکەین دەبینین ئەو ئەزموونە بەنرخە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر ژنی کورد داناوە.

**دەپرسم دیارە بێگومان کارێکی وەها گرینگ هەم بایەخی مێژوویی و هەم کارکردی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شوێندانەری بووە. بەڵام لەگەڵ ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەم ڕێکخراوەیەش نەیتوانی درێژە بە ژیانی خۆی بدا، هەتا دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران. بۆچی ژیان و جووڵەی ئەم ڕێکخراوەیە گرێدراوی حیزبی دێموکرات و هەلومەرجی خەباتی ئەم حیزبە بووە؟**

**خاتوو عیسمەت لە وەڵامدا دەڵێ**، ئەوە ڕاستە کە هەرکات خەباتی حیزبی دێموکرات ڕووەوپێش و لە گەشەکردندا بووبێ، ئەوە یەکیەتیی ژنانیش بەرەوپێش چووە و پێچەوانەکەشی هەر وایە. دیارە هەندێ قۆناغ لە مێژووی حیزبدا هەبووە کە چۆتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵک و لاپەڕەی زێڕینی خستۆتە سەر مێژووی خۆی، بەڵام دەرفەتی هاتنە مەیدانی یەکیەتیی ژنان نەبووە. بۆ نموونە لە ساڵانی جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویی حیزبدا کە لەو قۆناغە لە چالاکیی حیزبی دێموکراتدا دەرفەتی ڕێکخستنەوەی یەکیەتیی ژنان نەهاتە گۆڕێ. بەڵام دەبینین هاوکات لەگەڵ زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دەسبەجێ ژنان وەخۆ دەکەون و قۆناغێکی نوێ لە خەباتی خۆیان دەست پێدەکەن. دەمەوێ بڵێم یەکیەیی ژنان هەرگیز وەک ڕێکخراوێک دەرنەکەوتووە کە تەنیا ئەولەویەتی بە یەکسانیخوازیی ڕەگەزی دابێ، لە بەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ ستەمی ڕەگەزی بەرەوڕووی ستەمی نەتەوەییش بۆتەوە. واتە هەم ژن بووە و هەم کورد، ئەوەش وای کردوە هەوڵ بدا بۆ پاراستنی کەرامەتی "ژنبوون" و "کوردبوون"ی خۆی. ئەو ئەرکەشی هەم لە سەردەمی حوزوور لە ناو شار و نیشتمانی خۆیدا و هەمیش لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەستۆ بووە و هەموو تواناکانی خۆی بۆ

تەرخان کردوە.

**کەم نین ئەو دەنگانە کە دەڵێن بەگشتی چ لە ئێران و چ لە کوردستان ژنان ئەم هێزە دیارە نین، یان ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە تۆخ و شوێندانەرە نین. ئایا ژنان بێهیوان و دەستیان بەرداوەتەوە؟**

**شلێر مەحموودی**، سکرتێری پێشووی یەکیەتیی ژنان ڕای وایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا و بەنیسبەت دژایەتیی مافەکانی ژنان هەمیشە شمشێری لەڕوو بەستوە، بەڵام ژنان قەت مەیدانیان چۆڵ نەکردوە. ئەوەش کە دەگوترێ ژنان لە ئێستادا دەنگێکی دیار نین یا ناتوانن هێزێکی کۆمەڵایەتی تۆخ و شوێندانەر نین، من لام وایە کە وا نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین بەڕێکخراوە نەبوونی ژنان لە ئێران و کوردستان و دواتر ئەولەویەتدان بە هەندێ پرسی دیکەی کۆمەڵگە ئەو پەراوێزەی ساز کردوە. هۆکارێکی دیکەش نیزامی سیاسی و یاسایی کۆماری ئیسلامییە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتی مافخوازیی ژنانی داوە. هەرکاتێک کە ژنان هاتوونەتە سەرشەقام بە توندترین شێوە دژیان وەستاوەتەوە و سەرکووتی کردوون، ئەگەرچی سەرەڕای هەموو ئەوانەش ژنان دەستیان بەرنەداوەتەوە.

**حەلیمە ڕەسووڵی ش** وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە کە ئەوپەڕی زەخت و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی وای کردوە ژنان نەتوانن بارتەقای قورسایی و پێگەی خۆیان ڕۆڵ ببینن، بەڵام بێکاریی هۆکارێکی دی ئەم بارودۆخەیە. بێکاریی ژنان و خانەنشین کردنیان بەهۆی زەختی ئابووری لە ساڵانی ڕابردوو یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی کاڵبوونەوەی چالاکیی ژنانە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرەڕای ئەم کۆسپ و تەنگەژەیە ژنان هەنگاوی باشیشیان هەڵگرتوە. کچانی شەقامی ئینقلاب، دایکانی پارکی لالە، دایکانی خاوەران و هەروەها دایکانی ئاشتی لە کوردستان، ژنانی چالاکی ژینگەپارێز و بەشدارانی خۆپێشاندانەکانی زستانی ٩٦ و پاییزی ٩٨ بەشێکی بەرچاو لە شوێندانەری ژنان لە کۆمەڵگەن. هەرچەند کە ئەم چالاکییانە ڕاستەوخۆ تابۆکان و پرسی ڕەگەزی بەخۆوە ناگرن، بەڵام بەوحاڵەش بوونەتە هۆی زیندوومانەوە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژنان.

ڕاستە کاری مەیدانی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بۆ ژنان سەختە، بەڵام بەوحاڵەش دەگوترێ ئەو مێتۆدانەی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان یان تەنانەت بڵێین بزووتنەوەی ژنان بۆ مافخوازی دەکاریان دەکەن وەڵامدەر نین. بە واتایەکی دی بزووتنەوەی ژنان بە دروستکردنی کەمپینەکان، چالاکییە جارناجارەکان و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراو بەیاننامەکان نەیتوانیوە ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری. نەیتوانیوە بچێتە نێو کەڕەک و کۆڵان و ماڵانەوە و ژنان بۆ مافخوازی رێک بخا.

**مۆژگـان عەلیپـوور**، سکرتێری ئێستای یەکیەتیی ژنان لەو بارەوە ڕای وایە بەردی بناغەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێشێلکاری مافەکانی ژنان دانراوە و، هیچ کات ئیزن بە ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان نەدراوە کە ئازادانە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز کۆبکاتەوە و بە دیاریکراوی کار بۆ بەدواداچوونی کێشەکان بکا و هەوڵی چارەسەرییان بدا. ئەوەی کراویشە لەبەر ئەوەی سازماندراو و بە هەماهەنگی نەبووە نەیتوانیوە وڵامدەر بێ. ئەو شێوازە چالاکییانەی کە لە نێوخۆ لە ئارادایە گشتگیرە و تەنها بەشێکی خزمەت بەو پرسە دەکا و ڕاستە دەبێ میتۆدەکانی کار و چالاکی لە ڕاستای پرسی ژناندا بێ و بۆ شوێندانەری هەنگاوەکان دەبێ زیاتر لەو پێناوەدا هەڵبگیرێن. ئێمە دەبینین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لەسەر بناغەی دێموکراسی ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبێ و دەبێتە مەترسی بۆسەر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێران کە ژنانیش لە بەرەوپێشچوونی جێ پەنجەیان دیارە. کەواتە پێویستە لەم ڕاستانە هەوڵی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان زیاتر بۆ ئەوە بێ کە پرسی ژنانیش وێرای پرسە گشتییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە بچێتە پێش و نەکەوێتە پەراوێزەوە. واقعییەت ئەوەیە سەختە تۆ ژن بی و لە وڵاتێکدا بژی کە کەمترین مافی بە ژنان دابێ و بە یاسا لە زۆربەی بوارەکان بەربەستی بۆ دانابێ، بەوحاڵەش بتوانێ لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ژینگە پارێزی...هتد تا ئەو ئاستە چالاک بێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە چیدی پێویست ناکا بیر لە شێوازی دیکەی کاروچالاکی دیکە بکرێتەوە!

**شلێر مەحموودی** بەڵام ڕایەکی جیاوازی هەیە. ئەو دەڵێ میتۆدەکانی چالاکی لە بواری مافەکانی مرۆڤ یان بزووتنەوەی ژنان کە بۆ مافخوازی دەکار دەکرێن، نەک بێوڵام نەبوون بەڵکوو کاریگەریی باشیشیان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران داناوە. بەتایبەت لە ڕووی وشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بەمافەکانی خۆیان بە هەموو ئەو شێوازانەی کە دەیبینین. ئەوەی من وەک کێشە یان گرفت باسی دەکەم، مەسەلەی گوتاری هاوبەش لە بزووتنەوەی ژنانە. ئێمە دەبینین لە ئێران لە دەیەی شەست ژنان سێ جۆر گوفتمانیان هەبووە، گوفتمانی چەپ، ئیسلامگەرا و لیبراڵەکان بەهەموو جیاوازییەکانی نێوانیان کە دوایە دەبینین دەسەڵات پاشەکشە بە هەموو ڕەوتێکی ئازادیخوازیی ژنان دەکا. کە دێینە دەیەی حەفتادا و لەسەردەمی ئیسلاحاتدا ئەنجومەنەکان پەیدا بوون و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر چوونە نێو کۆمەڵگەی ئێرانەوە. واتە چالاکییە فەردییەکان بوونە گرووپی و لە دەیەی ٩٠ دا "کەمپینەکان" و "کچانی ئینقلاب" و بەشداریی بەرینی ژنان لە خۆپێشاندانەکانن کە بەر چاو دەکەون. ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستانیش بە هەمان شێوە و لەو ڕێگایانەوە یا بەو میتۆدانەوە کاریان کردوە کە خۆتان باستان کردوون. بەڕای من پێویست بە میتۆدی تازەش دەکرێ و ئەم میتۆدە دەبێ زیندوو بێ و کار لەسەر سازماندەیی و بەڕێکخراوبوونی ژنان بکا. هەڵبەت دووریی ڕێکخراوەکانی ژنان لە ژینگەی سەرەکی و مەیدانی خەباتی خۆیان گرفتێکە کە حاشای لێناکری.

بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ شتێکمان نییە بەناوی بزووتنەوەی ژنان. دەشپرسێ کە ئەگەر وەها بزووتنەوەیەک هەیە، ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان چۆن پێناسە دەکا؟ گوتاری چییە؟ خەسڵەتەکانی چین؟ ئێمە لەکوێ ئەم بزووتنەوەیە ببینین؟ لە شەقامەکاندا؟ لەنێو ڕۆژنامە و کتێبەکاندا؟ لە زانکۆ و کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و ڕووناکبیرییەکاندا؟ لەکوێدا؟

**حەلیمە ڕەسووڵی دەڵێ** بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حاشاهەڵنەگرە و، ناتوانین هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی وشکدا فۆرموڵە بکەین، بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە دیتوە، بەگشتی دەتوانین بە چالاکیی ژنان لە ژێر چەند گوتاردا ئاماژە بکەین کە کۆی گشتی ئەوانە دەبنە بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات.

**یەکەم**. ژنانی دێموکرات و نەتەوەیی. ئەوان بەشێک لە ژنانن کە لەباری فیکرییەوە بە حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان ینزیکن و لەباری ڕێکخراوەییەوە خاوەن ڕێکخراوەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتن کە یەکێک لە کۆنترین ڕیکخراوەکانی ژنان لە ئێرانە. ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ژنان باوەڕی بە پێوەرە کانی مافی مرۆڤ بە نیسبەتی ژنانەوە هەیە و لە تەنیشت خەبات بۆ دەستەبەربوونی یەکسانی ڕەگەزی و مافی ژنان، خوازیاری دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کوردە.

**دووهەم**. لایەنگەرانی چینی کرێکار و فیمینیستە سۆسیالیستەکانن کە هاوکات لەگەڵ خەباتی ڕەگەزی بایەخی تایبەت دەدا بە خەباتی چینایەتی و ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتی.

**سێهەم** توێژیش چالاکانی ژنانی ڕێفۆرمخوازن کە باوەڕیان بە ڕێفورم لە ساختاری سیاسی، کۆمەڵایەتی دەسەڵاتی حاکمەدا هەیە و هەوڵ دەدەن لە ڕێی دامەزراوە قانوونییەکانی نێوخۆ خۆیان بە ڕێکخستن بکەن.

**چوارەم** توێژ، نئومارکسیستەکان و چالاکانی سەربەخۆن کە بەشێک لە چالاکانی پێشووی بزووتنەوەی ژنانی چەپ و نەتەوەیین کە بەو قەناعەتە گەیشتوون ئەو ڕێکخراوەگەلە چیتر توانای دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنانیان نییە و ئەولەویتیان تەنیاوتەنیا خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنانە

**پێنجەم** بەش ئەو چالاکییەکانیان مەوردییانەن کە بەپێی هەلومەرج ڕوو دەدەن وەکوو دایکانی ئاشتی، ئەنجومەنە ئەدەبی

وەرزشییەکان، ژینگەپارێزەکان، تەعاونییەکانی ژنان. هەرچەند ئەم چەشنە لە چالاکییەکان ڕاستەوخۆ ناچێتە خانەی خەباتی ژنانەوە بەڵام بەهۆی بەشدارکردنی ژنان لە عەرسەی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بەهێزترکردنی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان.

**شلێر مەحموودی** لەو پێوەندییەدا ڕای وایە کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا سەرەڕای هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە لە بەردەمیەتی کۆڵی نەداوە و بەجێ نەماوە و لە ئێستادا ژنان بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران و کوردستان پێکدەهێنن. لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا ژنان توانیویانە سەدان کۆڕو کۆمەڵەی مەدەنی و ڕێکخراوی ناحکومی لە ئێراندا پێک بهێنن و لە بواری میدیا و ڕاگەیاندندا و لە پێناو ڕۆشنگەریدا چالاک و لە مەیداندا بن، ئیدعا نییە ئەگەر بڵێین ژنان لە کوردستان لە حەوزەی پراکتیکدا زۆر چالاکتر بوون لە ژنان بەگشتی لە ئێراندا. کاتێک کە خامنەیی فەتوای حەرام بوونی دوچەرخەسواریی ژنانی دەرکرد، سەدان ژنی کورد لە مەریوان و سنە بە دوچەرخەوە هاتنە دەرەوە تا بیسەلمێنن کە ملکەچی زوڵم و زۆرداری نابن، لە مانگرتنە گشتییەکان و بۆنە ئیعترازییەکاندا ژنانی کورد لە ریزی پێشەوی خەباتی جەماوەریی کوردستانن. وە یەکەم ڕێکخراوەکانی ژنان لە دڵی بزووتنەی نەتەوەییدا سەری هەڵدا و لەو بەستێنەدا ژنانی چالاک لە حیزبە سیاسییەکانی کورددا ڕەچەشکێن بوون. کەواتە دەتوانم بڵێم بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان هەیە و بەڕوونیش لە چالاکییە مەدەنی، کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا خۆی پێناسە کردوە.

**ژنان لە ئێران پێ بەپێی قۆناغەکانی دەسەڵات و تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەسەر زۆر هەلومەرج بارودۆخدا کەوتوون. پرسیار ئەوەیە کە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و هەڵبژاردنەکان و گۆڕینی کابینەکان لە ماوەی چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چ دەسکەوتێکی بۆ ژنان بووە. خەبات و بزووتنەوەی ژنان لە سایەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا دەسکەوتیان چی بووە.**

**مۆژگان عەلیپوور لەو بارەوە دەڵی**، زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و گۆڕانکارییەکان لە کابینەکان و هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و سەرۆککۆماریش هیچیان دەسکەوتی ئەوتۆی بۆ ژنان بە تایبەتی ژنی کورد نەبووە. ئەگەریش ژنان لەو ماوەیەدا دەسکەوتێکی بچووکیشیان لە خەباتی مافخوازانەیاندا دەستەبەر کردبێ، ئەوە بەری ڕەنج و ماندووبوون و قوربانیدانی خویان بووە. ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی جۆری بزووتنەوەکە و بارودۆخ و ژینگەی چالاکی و جۆری دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ دەسکەوتەکانی بکەین. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەرفەتەکان زۆر بەرتەسکن و لە هێندێک بواری وەک "سیاسی"دا هەر دەرفەتی چالاکی بۆ ژنان نییە. لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ژنان توانیویانە لەهەر هەل و دەرفەتێک کە بەرهەمی گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا بووبێ، کەلک وەربگرن و

ئەمە بە قازانجی بردنەپێشی پرسەکان بقۆزنەوە. بۆ نموونە لابردنی جۆرێک لە جلوبەرگی داسەپاوی ئەو ڕێژیمە، هەوڵدان بۆ چوونە یاریگا وەرزشییەکان، پڕکردنەوەی کورسی زانکۆکان تا ئاستێکی بەرچاو و سەربەخۆیی ئابووری و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی ژنان لە بواری وەرزشی بەشێک لەو دەسکەوتانەن. ژنی کوردیش لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لە پێناو بەدەستەوەگرتنی شوناسی خۆی وەک میللەتی کورد زۆرترین هەوڵی داوە و لەم پێوەندییەشدا توانیویانە تا ئاستێکی باش ئەو شوناسە بپارێزن و ساڵ لە دوای ساڵ هەماهەنگتر و بە ڕێکخراوتر ئەو ڕەوتە بەرەو پێش بەرن. یەکێک لە نموونە بەرچاوەکان پاراستنی زمانە کە یەک لە شوناسەکانی نەتەوەیە، ژنان خۆبەخشانە و ماندوویینەناسانە کاریان کردوە و شاربەشار و گوند بە گوند وانەی کوردیی دەڵێنەوە و لەم پێوەندییەشدا دەتوانین ئاماژە بە زارا محەممەدی بکەین کە بە تاوانی وتنەوەی زمانی دایکی شەش مانگ دەسبەسەرکرا و پاشان بە بارمتەی قورسی چەند سەد میلیۆن تمەنی ئازادکرا. کەواتە ژنانی ئێمە دەسکەوتەکانیان بە قوربانیدان و بە قیمەتی گیانیان بەدەست هێناوە نەک بە چاکە و پیاوەتی دەسەڵاتی حاکم لە ئێران.

**شەهێن زادئەحمەد**، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەو بارەیەوە ڕای جیاوازی هەیە. ئەو پێی وایە ژنان لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چوار قۆناغیان بڕیوە.

**قۆناغی یەکەم**؛ شۆڕشی گەلانی ئێران تا دوا دەورەی ڕەفسەنجانی و تەرحی سازەندەگی ناوبراو و شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لەسەر یەک بۆ ژنانی سێکۆلار و جیابیر دەسکەوتی نەبوو هیچ، لەو ماوەیەدا سەربزێوانی ئەم پرسە بەتوندیش سەرکوت دەکران.

**قۆناغی دووەم**؛ دوو دەورەی دەوڵەتی خاتەمییە کە دروشمی دیالۆگ و چاکسازیی هەڵگرتبوو. ئەو کات بە چەند هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی فەزای داخراوی سیاسیی نێوخۆیی وڵات چرژی تێکەوت کە چالاکانی مەدەنی و مافخواز قۆستیانەوە. بەمجۆرە خێرا کۆمەڵگە لە بواری فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری و چاپەمەنی جموجۆڵێکی نسبی بەخۆیەوە بینی و لەو بارودۆخەدا ژنانیش تا ڕادەیەکی باش توانیان دووبارە بێنەوە مەیدان و خۆیان ڕێک خەنەوە، بەتایبەت ژنانی کورد لەم قۆناغەدا لە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و لە خوێندنگاکان گەشەی باشیان کرد و لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی ئێرانیش تا ئاستێکی بەرچاو هەماهەنگ بوون.

**قۆناغی سێیەم**؛ دوو دەورە سەرکۆماریی ئەحمەدینژادە کە بۆ بزووتنەوەی سێکۆلاری ژنان لە ئێران و کوردستان هیچ دەسکەوتێکی نەبوو. بۆنموونە لە سیستمی حکومەت و کابینەی ڕەئیس جمهوور و لە بەشی وەزارەت و بەشی ڕاوێژکاری

حکومەتی بایەخ بە ژنان لە توێژی بناژۆخوازی نێو حاکمییەت دەدرێ، بەڵام لە بەرانبەردا بزووتنەوەی ژنانی سێکۆلار و جیابیر لەم دەورە مێژووییە کە هاوکاتە لەگەڵ پەرەسەندنی خێرای زانست و تێکنۆلۆژیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، دەبینین کە چالاکانی ژن بەتوندی سەرکوت دەکرێن. بە باوەڕی من لەو دەورەیەدا هەرچەند بزووتنەوەی ژنان بەرەورووی خەسارێکی گەورە دەبێتەوە بەڵام ئەساسی ئەو بزووتنەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی فاکتی سەردەمیانە و ئاڵوگۆڕەکان لە بافتی کۆمەڵگە و لە بیروڕای گشتی نێوخۆی وڵاتدا ئاسەواری فەرهەنگی و زەمینەی ذهنی نەهادینە دەکا. لە دەرەوەی وڵاتیش ئەم ڕەوتە، ژنانی تاراوگەش لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و بە شێوەی سازمانی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نێوخۆ بۆ ئەم پرسە سەرنج ڕاکێشتر و کاریگەرتر دەکا بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان و پەرەپێدانی تەشکیلاتی.

**قۆناغی چوارەم**. سەردەمی سەرۆککۆماریی حەسەن ڕوحانییە کە پێچەوانەی ئەوەی خەڵک و ژنانیش چاوەڕێی ئاڵوگۆڕی مەخمەلی بوون، دەرکەوت کە ئەویش هیچ ئاوڕێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگە و خەڵک ناداتەوە. دیارە لەم قۆناغەدا بزووتنەوەی ژنان پێیوەندییەکانی لەگەڵ نێوخۆ چڕو پڕتر دەکاتەوە، باشتر و مونەزەمتر لە پێشوو لەسەر خەت دەمێنێتەوە و بە ئامرازەکانی تێکنۆلۆژی دەتوانێ بەشدار و هاندەری زۆربەی ناڕەزایەتییەکان بێ.

لە ئاکامیگیریی ڕەوتی مافخوازیی ژنان لەو چوار قۆناغەدا دەبینین کە سەرەڕای توندترین شێوەی سەرکوب، ژنان لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی خۆیان کەم و زۆر هەر دەگێڕن و، زۆر جاریش لە ناڕەزایەتییەکاندا پێشەنگیشن.

باسێکی گرینگی دیکە قورسایی ڕەوەندی ژنانە لە دەرەوەی وڵات. لە ئێستادا ئەگەرچی حەشیمەتێکی دەیان هەزار کەسیی ژنی کورد نیشتەجێی وڵاتە ئازاد و دێموکراتیکەکانی دەرەوەی وڵاتن، بەڵام هەتا ئێستا "ژنی کورد" کە هەڵگری گوتاری بزووتنەوەی کورد و ژنان بێ لە دەرەوە چێ نەبووە.


**شەهێن زادئەحمەد دەڵێ**: تاوتوێی ئەو بابەتە کاری ئەو پسپۆڕانەیە کە بەپێی لێکدانەوەکانی کاری لێکۆڵینەوە لە بواری زەمینەی موبارەزاتی و مەوقەعییەت و بافتی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکی بندەستە و داگیرکراو لە بەرانبەر نیزامێکی سیاسیی داگیرکەر و توتالیتێر چالاکن. بەڵام خۆم ڕام وایە ئەمە ڕاستە و بەپێی ڕێژەی بەرچاوی ئەم ژنانە کەچی کاریگەرییان لەسەر گوتار و کارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کاڵ و کەم دیارە. هەروەک دەزانن بزووتنەوەکان لە بەرانبەر هۆکارەکانی گشتیی نەتەوەیەک یان کێشەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەدا سەر هەڵدەدەن، ژنی کورد لەم بوارەدا جیا لە ئەرکی نەتەوەیی ئەرکی پرسێکی گرینگی کۆمەڵایەتیشی لەسەر شانە. لێرەدایە کە پرسیارەکە بەراوەژوو دەبێتەوە. ئایا بزووتنەوەی کورد و گوتار و بەرنامەکانی ئەم حیزب و گرووپانە کە لە ڕاستای پرسی نەتەوایەتی و پرسی کۆمەڵایەتی

ڕۆڵی سەرەکییان لە بزووتنەوەکاندا هەیە چەندە توانیویانە ژنان وەک نیوەی حەشیمەتی نەتەوە و توێژێکی ستەم لێکراوی کولتووری مەزهەبی زاڵ لە کۆمەڵگە و سیستمی دیکتاتۆری داگیرکەر بە لەبەر چاوگرتنی کۆسپەکانی سەر ڕێگەیان کە هەر لە بنەماڵەوە دەست پێ دەکا تا سیستم یارمەتیدەریان بن، یان هێزی ژن لە قەوارە و ساختاری حیزب و گرووپەکانی بزووتنەوە ڕەنگدانەوەی پێویستیان هەبووبێ، چەندە توانیویانە سەرنجی ژن وەک هێزێکی کاریگەر لەبەرچاو بگرن تا بەرنامەکانیان لەسەر ئەم واقعیەتە دابڕێژنەوە، دەمهەوێ زۆر ڕاستگۆیانە بڵێم ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی سەرەکیی بەرنامە و پرۆژەی هەر جەریانێک بەگشتی زەمینەی ئەم فەرهەنگسازیە بێ کە جەزابییەتی ڕێژەیی ژنان و پیاوانی لێ بکەوێتەوە، بەداخەوە ئەم تەعادولە لەبواری جەزب یان پەیوەست بوونی ڕێژەیی ژنان لەدەوری ئەم بزووتنەوانە دا هەروا کزولاواز دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەم گرفت و کەموکوڕیانە ژنانی دەرەوە بە ڕادەی نیسبی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەشدارن، چ بە شێوەی تاکەکەسی، چ بەشێوەی گرووپی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، چ بەشێوەی ڕێکخراوەیی لە دوو بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بزووتنەوەی کورددا بەشداریان هەیە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە حەدی پێویست و مەتڵووبدا نییە، هیوادارم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی، ئەحزابە سیاسی و مەدەنییەکان کاریگەریی هێز و توانای ژنان وەک پێویست لەبەرچاو بگرن. ژنانیش بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی حەساسی ئێستا بۆ وەدیهاتنی دەسکەوتەکانی موبارەزاتی بەهەر شێوەیەک کە مومکینە بە میکانیزمی موناسب و سەردەمیانە هێز و توانایان، خۆیان لە پلان و گوتاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا ببیننەوە.

٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

# پیرۆزبایی بە بۆنەی سالرۆژی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان



**بەیان کەریمی**

دوای ٧٧ ساڵ تیپەربوون بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتر یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، هیشتاش وەک ئەسترەیەکی گەش لە خەبات و تیکۆشانماندا دەگەشیتەوە. گەرچی تەمەنی کورت و لە بازنیەکی تا رادەیک سنووردارد سەری هەڵدا ,بەڵام هەندی دەستکەوتی گرینگی وەک میرات بۆ شەپۆلەکانی دیکەی جووڵانەوی ژنان لە کوردستان بە جێ هیشت. بۆ یەکەم جار توانی لە چوارچێوەی 'پرسی ژندا' ویستی یەکسانیخوازی ژنی کورد بخاتە نێو گوتاری نەتەویی کورد. لە ژێر سێبەری ڕێبەرایەتیکی ژیر و پیشکەوتووخوازدا، لە شکاندی هەندێ تابوودا نەقشی بەرچاوی هەبوو. بۆ وێنە، لە ئاشنا کردنی ژنان بە مافەکانیان، لە دژایەتی کردن لە گۆشەگیری و خانە نشینی ژن، لە هێنانیان بۆ ناوەندی شەقامەکان، بۆ ناوەندی کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان، لە بەرز کردنەوی دەنگی ژن، بە پیشکەشکردنی وتار، توانی سەرکەوتوانە تا رادەیکی زۆر هیمای پیاوسالارانەی جووڵانەوی رزگاری خوازیی نەتەویی بشکێنێ. بە واتایەکی دیکە ئامادە بوونی ژنانی لە شوێنە گشتی و سیاسیەکان شەرعیەت پێدا و ئاسایی کردەوە. بە

مۆبالیزە کردنی ژنان بۆ خەباتی نەتەویی توانی ژنان بێنێتە نێو گۆڕەپانی سیاسی وە کە تا ئەو کاتە تەنیا بە مافی سروشتی پیاوان دەزاندرا.

هاوکات، بە هەڵگرتنی مافی یەکسانی خوێندن بۆ ژنان، دەرگایەکی بەربڵاوی بۆ ژنان لە کوردستان کردوە کە بتوانن داهاتوویکی جیاواز بۆ خۆیان و نەوکانیان مەزەندە بکەن. خوێندن بوو بە مەرجێکی گرنگ بۆ هاتنە دەرەوەی ژنان لە ماڵەکانیان، بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بنەمای پیاوسالاری، بۆ دابین کردنی داهاتوویەکی گەش، بۆ کردنەوە و بەربڵاو کردنی هەلەکان و خەونەکانیان، و بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندیە نایەکسانی جەندەریەکانە. بۆ یەکەم جار ژنان مەحرووەمیتی ژنانی کوردستانیان لە خوێندن و پیشە زەق کردوە، و پێوەندیان دا بە ژێر دەستی نەتەویان، پرۆسەی گەشەنەسەندن و ستەمی پیاو مەزنی. نەک تەنیا مافی بوون بە 'دوکتور، مامۆستا، شارەزاو، ڕێبەری' وەک پیاوان بۆ خۆیان مەزندە کرد، بەڵکوو، بە بەرز کردنەوەی دروشمی مافی چارەنووس، خۆیان یەکسان لە گەڵ ژنانی نەتەوەکانی دیکە دەبینی. بە وتەیەکی دیکە 'مافی خوێندن بۆ ژنان' بوو بە گوتاریکی بە هێز بۆ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

لە ژیر فەزایکی سیاسی ئازاددا، بیری ئازادی ژنان لە کوردستان، لە ماوەیەکی کەمدا بەربڵاوتر بوو. کاتێک کە ژنان مافی بوون بە وتە بیژ، خاوەن پێنووس، مامۆستا و دوکتۆریان بۆ خۆیان مەزەندە دەکرد، ئیتر گەڕانەویک نەبوو.

گرنگتر لە هەموو شت، سەرهەڵدانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو بەهۆی بەرزکردنەوی هوشیاری سەبارەت بە ستەمی یەکتربری (ئینترسیکشنال) ژنان لە کوردستان. لە کوردستانێکی بە کۆلۆنیالیزە کراودا، ستەم و جووڵانەوەی 'جیاوازی' ژنان تاریفێکی نوێی وەرگرت و رزگاری جەندەری ژنانی راستەوخۆ بەستەوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی، و گوتاری جەندەری ژنانی خستە نێو گوتاری سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. بە وتەیەکی دیکە شۆڕشێکی لە نێو شۆڕشێکدا دەست پێکرد و دەرگای هوشیارییەکی نوێ و پێک بەستراوی بۆ خەباتی ژنان لە کوردستان کردەوە.

## شەپۆلی دووهەمی شۆڕشی ژنان لە کوردستان

سی ساڵ دوای ئاوابوونی، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، پەنجە مۆری لە سەر شەپۆلی دووهەمی جووڵانەوەی ژنانی کوردستان لە ساڵانی دوای ١٩٧٩دا بە روونی دیار بوو. جیلی نوێی شەپۆلی دووهەم توانیان ئاڵ و گۆری بنەڕەتیتر پێک بهێنن. ئەگەر، شەپۆلی یەکەم لە بازنەیکی بچووکدا لە شاری مەهاباد و لە نێو کۆمەڵێک ژنی نوخەبەدا سەری هەڵدا، شەپۆلی دووهەم بوو بە بەرەیەکی بەرفراوان بۆ سەرانسەری کوردستان. ژنانی کوردستانی لە چین و توێژە جیاوازەکان، لە

گوندەکان و شارەکان، بە ویستی تایبەتی خۆیانەوە و بە زمان و جل و بەرگی خۆیانەوە هاتنە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی و پرسی ئینتەرسیکشۆناڵی خۆیان خستە نێو گوتاری ئەو کاتی جووڵانەوەی نەتەوەیی. بەشداری بە هەزارانی ژنانی کوردستان لە شۆڕشدا لە ژێر سیبەری جووڵانەویەکی سەردەمیانەی نەتەوەیی توانی دەستکەوتی گرینگ وەدەست بهێنیت.

لە قۆناغی یەکەمدا، شۆرشی ژنانی کوردستان بوو بە چەقڵی چاوی ڕێژیمی داگیرکار، ئیسلامی و فاشیزمی، دژی ژنی کۆماری ئیسلامی. بوو بە هێزیکی سەرەکی بە دژی حیجابی زۆرە ملێ، بە نیزامیک کە لە سەر بنەمای خوێن و ئیعدادم و زیندان دەستی پێ کردبوو.

ئامادەیی بە هێزی ژنان لە گۆرەپانی شۆڕشدا توانی هەندێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوی نەتەوەیی دا، بکا. ژنی لە وێنەیەکی هیمایی، ڕەمزی و سیمبۆلی بۆ 'زیندوو کردنەوەی نەتەوە' رزگار کرد و کردی بە ئەکتەرێکی سەرەکی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا. ئەم دەسکەوتە بە خەباتی قارەمانەیان لە بەرەکانی شەڕ بە دژی داگریکەریکی نوێی کۆماری ئیسلامی هاتە دی. خەباتی ژنان لە بەرەکانی بەرگری، هێزەکانی پێشمەرگە، زیندانەکان، قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی شۆڕش، لە 'سەنگەرەکانی پشتەوەی شۆڕش'، ژنانی لە پەراویز خستن رزگار کرد. ژنان توانیان ڕۆلە دیارکراوە سونەتییەکان بشکێنن. ژنانی کوردستان یان 'ژنی کورد' چیتر هیمای وەبەرهەم هێنەرەوەی نەتەوە و کەلتوورەکەی نەوبوو، بەڵکوو ئەکتەریکی سەرەکی خەبات بە دژی داگیر کار بوو.

سەرەرای ئەمە، پیاو سالاری لە نێو بزووتنەوی کوردایەتیدا بەرخۆدانی کرد. حیزبە کوردستانییەکان هیشتا بنەمای و بناغەی پیاو سالاری خۆیان تێک نەشکاند. ژنانیان لە خەباتدا لە پەڕاویزدا ڕاگرت. ویستی یەکسانیخوازی جەندەری ژنان چوە پلەی دووهەم و دانرا بۆ دوای رزگاری نەتەویی. گەرچی مەیدانی شۆڕشیان 'کراوە' ڕاگرت بۆ ژنان کە 'شان بە شانی پیاوان' خەبات بکەن، بەڵام لە هیمای بنچینەیی ژنان و نە لە پەڕاویز خستنی ژنان خۆیان لا نەدا. ژن هیشتا تەسویریکی هیمای هەبوو، بەرپرسیارەتی فیداکاری، وەک دایک، ژنی پیشمەرگە، و وەک خوشک و کچ دەخستە سەر شانی. ئەرکی ژن تەنیا فیداکاری بوو بۆ گەیشتنی پیاو بە دەسەڵات. کێشە لەوەدا بوو، کە ئارەزووی گەیشتن بە دەسەڵات، خولیای سیاسەتی کوردایەتی بوو، هەوڵ بە تیکشکاندنی بنەما کۆلۆنیلیەکان دوور بوون لە خولیاو و خەیالی کوردایەتی. شەپۆلی دووهەمی کوردایەتی هیشتا لە سەر بنەمای پیاو مەزنی دەرویشت. پیاوی کورد وەک ' ڕێبەر، پێشمەرگە، نووسەر، رزگاریکار، ' تێکستەکانی جووڵانەوەی کوردایەتی دەنووسییەوە. کوردایەتی هێشتا هیمای پیاویکی ئەکتەر بوو کە پالپێونەری سەرەکی مێژوو بوو.

## شۆڕشی ژینا بە دروشمی 'ژن، ژیان، ئازادی'

شەپۆلی سێهەمی شۆڕشی ژنان لە کوردستان سەرهەڵدانی خەباتێکی نوێیە، کە لە بۆشایدا سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو بەرهەمی پتر لە ٧٧ ساڵ خەباتی ژنانە لە کورستان (هەموو بەشەکانی) و بەرهەمی زیاتر لە سەد ساڵ مێژووی کۆلۆنیالیزمە لە کوردستان. بەرهەمی خۆڕاگری ژنانێکە بوون بە پێشمەرگە، گیانی خۆیان بەخت کرد، چوونە ژێر پەتی سێدارە، شاخ و کێوەکانیان پێوا.

شۆڕشی ژینا، ژێر دەستی و خەباتی ژنان لە کوردستاندا دیسان دەنووسێتەوە. لەم دیسان نووسینەوەدا، مێژووی ژێردەستی ژنان لە کوردستاندا پەیوەند دەدا بە پرۆسەی کۆلۆنیالیزم،، بە پرۆسەی جینۆساید، زمانکوژی، ئێتنیک کوژی، کۆچی زۆرە ملێ، و ڕەگەزپەرەستی. شۆڕشی ژینا گەرچی شۆڕشێکە بە دژی بناغەی پیاو سالاری، گەرچی لە ژێر ڕێبەرایەتی ژناندا و بە قوربانیدانی بێ وێنەیان تۆمار کراوە، بەڵام تەنیا شۆڕشێکی ژنانە نیە، بەڵکوو شۆڕشێکە کە کۆمەڵگەی کوردستانی بە ڕادەیەکی زۆر هێناوەتە سەر شەقامەکان. شۆڕشێکە بە دژی بەها داسەپاوەکان، بە دژی هەموو ستەمەکان، هەموو هایراکیەکان، وە هەموو ڕۆژ ئاسۆی ویستەکانی بەربڵاوتر دەبێت.

شۆڕشی ژینا، ئەمڕۆ تەنیا بناغەکانی کۆماری ئیسلامی نەلەرزاندوە، بەڵکوو تەواوی ساختاری کۆلۆنیالیزمی لە مەشرووتە، پەهلەوی و تا ئەمڕۆ لەرازندوە. بۆ یەکەم جار لە مێژوومان‌دا، سروشتی بوونی، ئاسایی بوونی 'ئێرانی'لەرزاندوە. بە روونی نیشانی داوە کە ئەم سنوورە لە سەر بنەمای سەدەیک نەکووڵی، ڕەگەزپەرەستی، و رووبارگەلی خوێن دامەزراوە، لە سەر بنەمای فاشیزم. لە بیرمان نەچێ، کە شۆڕشی ژینا ئیلهام وەرگر بوو لە شۆڕشی ژنانی باشوور و ڕۆژ ئاوا، کە بە هەمان شێوە لە بەرانبەر سووریەی دەستکرد و تورکیەی دژی مافی کورد قارەمانانە ڕاوەستاون.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، لە هەمانکاتدا، ڕۆحیکی دیکەی بە شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستان داوە کە بە بێ گۆڕانی بەهاکان، بە بێ شکستی پیاوسالاری، تێپەڕین لە کۆلۆنیالزم نە مانای هەیە نە ئیمکانی هەیە.

بەڵام بە داخەوە، نەیارانی شۆڕشی ژینا زووتر لەوەی کە چاوڕوان دەکرا خۆیان ڕێکخست. بە داگیر کردنی شۆڕشی ژیناو و وەرگیرانی بە شۆڕشی مەهسا بوونە بەربەستیکی بەهێز لە بەرامبەر شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادیدا).

شۆڕشی مەهسا ئەمڕۆ لە ژێردەستی ئۆپۆزسیۆنی ئیرانی - فارسیدا بە ڕێبەرایەتی بەرەی شاپەرەستەکان و

هاوپەیمانەکانیان لە گەڵ بەشێکی سەرەکی فێمینزمی فارس و ناوەندگرا دا، بوونە بەرەیەکی بەهێز. بەداخەوە ئەم بەرەیە، ئەمڕۆ خەریکە پشتیوانی هەندێک لە حیزبە کوردیەکان بە لای خۆیدا رادەکیشتت و بۆتە جێی نیگەرانی.

داگیر کردنی شۆرشی ژینا و کردنی بە مەهسا، و داگیر کردنی (ژن، ژیان، ئازادی) ستراتیجکی کۆلۆنیالزیمی نوێیە، مەبەستی سەرەکی بێدەنگکردنی شۆرشی ژنانە لە کوردستان. ئەمە تاوانێکی دیکەیە دژی ئێمە، بۆ بێدەسەڵات کردنمان، لاواز کردنمان. پرۆسەیکی دیکەیە بۆ کوشتنی زمان و ئەندیشەمان. ئەم ئۆپۆزسیوەنە شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو مێژوویکی دوور و درێژی هەیە.

لەم پرۆسەدا فیمینیزمی هیژەمۆنی ناوەندگرا، بە هەموو ڕەوتەکانیەوە (لە سەلەبەریتی، لیبرال، شاەپەرەست، و چەپەوە) لە داگیر کردن و بە لە ڕێبەدەر بردنی شۆڕشی(ʻژن، ژیان، ئازادیدا) تیکەڵ و تاوانبارن. بە بەرز کردنەوەی شۆرشی ʻکەشفی حیجابʼ نە تەنیا نەیانتوانیوە بەربەرەکانی بکەن لە گەڵ حیجاب کە سومبوولی زیاتر لە چوار دەیە ژێردەستی ژنانە لە ئێران، بەڵکوو بە چوونە بەرەو فاشیزمەوە پێداگری لە بەرهەم هێنانەوەی پیاو سالاری دەکات.

فیمینیزمی ناوەندگەرا بە دریژای مێژوو (لە دوای مەشرووتەوە تا ئەمرۆ) تیوەگلاو لە تاوان بە دژی ژن لە کوردستان و نەتەوەکانی دیکە دا. بە درێژای میژووی سەد سالە، بە پەیوەندیەکی سیاسی و دەروونی کە لە گەڵ ناسیونالیزمی باڵادەست هەی بوە، لە ژێردەستی ژنانی نەتەوەکانی دیکە قازانجی بردوە و هیچ جیاوزییەکی لە گەڵ نوخبەکانی خۆی نەبوە. ئەم فیمینیزمە دەیان ساڵە لە ئاستی تاوان بە دژی نەتەوەکانی دیکە بێدەنگە، لە زیندانی کردنی زینەبەوە بگرە، تا زاراو و کوشتاری ژنان لە زیندانەکانی کوردستان. ئەم فیمینیستە لە سڕینەوەی شۆرشی ژنی کورددا، و ئەمرۆ لە داگیر کردنیدا تاوانبارە. ئەم فیمینیزمە هیشتاش خۆی لە دەوڵەت و زمانی فارسی جیا نەکردوەتەوە. شۆرشی ژنانی کوردستان بە ʻناسیۆنالیزʼ، قەبیلە گەرایی، یان ئامرازی پیاوی کورد ناو دەبات. کەچی خۆی ئەمرۆ ئامرازی پیاوانی وەک رەزا پەهلەویە. جووڵانەوی ژنانی کوردستانی ناچار کردوە کە لە نێوان ʻفیمینست بوونʼ و ʻ کوردستانی بووندا ʼ هەلبژاردن بکا. ویستی ژنانی کوردستانی بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنووسی، وەک ویستێکی ناشەرعی پێناسە کردوە. ویستی جەندەری خۆی بە جیهانی کردوە.

لە ئاستی ستەمی چەند لایەنەی ژنان لە کوردستان، لە ئاستی جینۆساید، زمانکوژی، ئیتنیک کوژی، بە نامرۆڤکردنی ژنان لە کوردستاندا خۆی کەڕ کردوە. ئەمرۆ (زن، زندگی ئازادی ) نۆرم و معیارەکانی ژنانی باڵادەست دووپات دەکاتەوە. تا ڕادەیەک دەنگی ژنی کوردی بێدەنگ کردوە. وێنەی مەهسا بە سەر پشیلەی نەقشەی ئێراندا وەبیرهینانەوەی کۆلۆنیالیزمێکی

دڕندە بوو کە نە تەنیا لە پڕۆسەی داگیری کردنی شۆڕشێکدا بوو، بەڵکوو زەوتکردنی دروشمێک، سڕینەوی مۆری خاوەنداری ژنی کورد بە سەر دروشمەکانیان و ویستەکانیان.

هاوپێوەندی و هاوپەیمانی خوشکانە لە گەڵ ئەم ڕەوتە فیمنیستە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە. ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانین لە گەڵیان هەمبەستگی ببەستین ئەگەر سەنگەریان لە گەڵ فاشیزم جیا بکەنەوە. ئەوکاتەی کە خۆیان لە مەرکەز، لە ناسیۆنالیزمی فارس و ڕەگەزپەرەستی دوور بەخەنەوە. کە ئێران وەک وڵاتێکی دەستکردی ڕەگەز پەرەست پێناسە بکەن. هەمبەستەگی کاتێک دروست دەبێ کە هەمووومان ڕزگار بین. هەمبەستەگێکی ساختە لە سەر بنەمایکی ساختە کە 'هەمووومان ژێر دەستی هاوشیوەی ستەمی جەندەرین' تەنیا پەرە دەدات بە پەڕاویز بوونمان. تەنیا دەبێتەوە بە هۆی بەرهەمهینانی کۆلۆنیالیزم و سیستەمی پیاو مەزنی. هەمبەستەگی تەنیا ئەو کاتە دیت کە مافی چارەنووسی ژنانی نەتەوەکانی دیکە بە فەرمی بناسین. ئەو کاتەی کە شۆڕشی ژینا بە نێوی ڕاستەقینەی خۆی بگەڕێنەوە و دروشمی ( ژن، ژیان ئازادی) دیسانەوە بلێنەوە بە زمان و مانای ڕاستەقینەی.

ئەمڕۆ بە هاودەستی بەرەی فاشیست ئەم فیمنستە بەرامبەر بە شۆڕشی ژینا ڕاوەستاوە. لە شەقامەکانی دایسپۆرا بە بەرزکردنەوەی ناوی مەهسا، و وتنەوەی (زن، زندگی، آزادی) بە کردەوە لە گەڵ بەرەی ناسیۆنالیزمی مەرکەزگەرادایە. بە پشتیوانی بە میدیا زلهیزەکانی چاوەشەکاری و هەڕەشە دەکات. بە تەواوەتی لە بایخە مرۆڤی و تێکشینەرەکانی شۆڕشی( ژن، ژیان، ئازادی ) لای داوە. لە ژێر ئەم فەزایەدا، بە هاوڕیزی لە گەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە بەرهەمهێنانەوەی هیژمۆنی زمانی فارسی، تەواوییەتی ئەرزی ئێران، لە بنەما ئیتنیکی و جەندەریەکانی پشتیوانی دەکا. ئەمرۆ فیمینیزمی ئێرانی، لە بەرەی فاشیزمدا، نەیویستووە و نەیتوانیوە لە هەڕەشەی ساواک و سەرکوتی شاپەرەستەکان بۆ سەر ویستی نەتەوەکانی دیکەی ئێران خۆی دوور بکاتەوە. سەلەبەریتی فیمینیستەکان، ئەمڕۆ لە پشت لەشکەرێک لە فاشیزم لە شەقامەکانی ئەمریکا و ئورووپادا ڕاوەستاون و خولیای نەستۆلیژیای ناسیۆنالیزمی فارسن.

ئەمڕۆ ئەرکی ئێمە ڕاوەستان لە پشت شۆڕشی ژینایە، هەڵگرتن و خاوەنداری کردنەوەی دروشمی( ژن، ژیان، ئازادی). ژن، ژیان، ئازادی تەنیا دروشم نیە، بەڵکوو چەمکێکە کە هەموو ویستەکانمانی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە و بەهاکانمان، ڕوانگەمان ڕوو بە داهاتوو بە ڕوونی نیشان دەدا.

پشگیریمان لە (ژن،ژیان، ئازادی) لە شۆڕشی ژینا دا، واتە ڕاوەستانمان لە شەقامەکانی کوردستان، گیلان، لۆڕستان و بلووچستان بە دژی فاشیزمی کۆماری ئیسلام، واتە ڕاوەستانمان لە هەندەران بە دژی بەرەی فاشیزمی ئێرانشەهری. واتە

وەرگرتنەوە و گەڕانەوەی بەها سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا، واتە گەڕانەوە بۆ ژیان، بۆ شکۆی مرۆڤایەتی، واتە داکۆکی لە داهاتوویەکی کە مافی نەتەوەیی نەتەوەکان وەدی بێن، کە خۆی لە سیستەمی هایراکیانی جەندەری، ئیتنیکی، سیکشۆلاتیەکان، ڕەگەزی، زمانی و چینایەتی بپچڕینیت. داکۆکیمان لە ژن،ژیان، ئازادی و شۆڕشی ژینا واتە گوزەر لە کۆلۆنیالیزم، لە فاشیزمی پیاو سالاری پەهلەوی و ئیسلامی.

دیسان پیرۆز بیت یادی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنانی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی" ٢١ی ئەپریلی ٢٠٢٣

# ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا



**دیمانە: شەونەم هەمزەیی**

یەکێک لە شانازییەکانی کۆماری کوردستان بۆ ژنان، بەخشینی هۆوییەت و شوناسێکی دی بە ژنان بوو. ئیجبارکردنی خوێندن بۆ کچان، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان و بەشدارکرنیان لە گەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەرگای دنیایەکی نوێی بەڕووی ژناندا کردەوە. حەوت دەیە دوای کۆمار ژنان چۆن باس لەو شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەکەن کە لە کۆماری کوردستانەوە مانا وەردەگرێ.

بۆ باس لەسەر ئەو بابەتە و لە تونێی چەند پرسیارێکدا، ڕای بەڕێزان خاتوو مەهاباد قەرەداغی، نووسەر و شاعیر؛ گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، موژدە گونەش، نوێنەری هادەپ لە هەرێمی کوردستان و کوێستان گادانی، نووسەر و چالاکی سیاسیمان وەرگرتووە:

**پرسیار**: کاتێک کە کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، نە لە ئێران و نە لە وڵاتانی دراوسێشدا بۆ نموونە ژنان مافی دەنگدانیان نەبووە، خوێندن بۆ ژنان نەک زۆرەملێ، بگرە لە ئاستێکی زۆر کەمیشدا بووە؛ ئێوە پێگەی ژن و مەیدانداریی ژن لە کۆماری کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟



**مەهاباد قەرەداغی**: لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختەشدا کە باسی دەکەیت، لە کۆمارە ساواکەی کوردستاندا هەوڵ دراوە جموجوڵێکی ڕێکخراوەیی هەبێت و ژنان چالاک بن و هەڵسووڕانیان هەبێت. دروستکردنی ڕێکخراوی ژنانی دێموکرات و هەبوونی بڵاوکراوەی تایبەت و چالاکیی شانۆیی لەو کاتەدا خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرەتای هۆشیارییەکی دیموکراتیانەیە و لە فیکری سەرکۆماری کوردستان، شەهید قازی مەحەممەدی نەمردا هەبووە. ئەگەر چی تەمەنی کۆمار کورت بوو، بەڵام لەو کورتە تەمەنەشیدا ئەوە لە بیر نەکرا کە دەبێ ژن خۆی ڕێک بخا و پێگەی خۆی لە نێو کۆماردا دیاری بکا. لەو بڕوایەدام ئەگەر تەمەنی کۆمار وەک تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژ بوایە، کۆماری کوردستان دەبوو بە نموونەیەکی وەکوو ئیسرائیل لە ڕووی بەهێزیی پێگەی ژن و دیموکراتیەتدا. مەخابن تەمەنی کۆمار درێژ نەبوو، بەڵام وەک مێژوو ئەو هەنگاوە پێشەنگەی کە نای، بۆی تۆمارکراوە و هەر دەمێنێ.



**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بە بڕوای من کۆمار لەڕووی بەشداریی ژنان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا پلەی زۆر پێشکەتووخوازانەی هەبووە و ئەوەش تەنیا وەک شوعار ناکرێ ببیندرێ، نموونەکەشی دوو خاڵی گرینگە، یەکەم کاتێک باسی بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا دەکا کەمتر لە دوو مانگ دوای کۆمار یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێنێ. دووهەم ئەوەیکە

یەکێک لە بنەماکانی کۆمار هاندانی خەڵکە بۆ ناردنی کچان و کوڕان بۆ قوتابخانە و دەرس خوێندن. بە واتایەک کۆمارڕێگای خۆپێگەیاندن بۆ کچان وەبەرچاو دەگرێ و لەو بوارەشدا کاتێک ئاماژە بە دیاریکردنی سزا دەکا بۆ ئەوانەی سەرپێچی لەو بڕیارە دەکەن، خۆی مانای ئەوەیە کە ئەم بڕیارە وەک شوعار نابینێ؛ بەڵکوو مەبەستی پەروەردە و گەشەسەندنی کۆمەڵگەیە. ئەمڕۆ دوای ٧٣ ساڵ وێدەچی ئێمە نە تەنیا لەم بوارانەدا بەرەو پێش نەچووین بەڵکوو ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بە بیانووی جۆراجور هەوڵ دەدرێ ژنان بنێرنەوە ماڵێ و بە هەزار بیانوو تەنیا وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردنی پیاوان لە ژیان چاویان لێ بکرێ، یان لە باشترین حالەتدا تەنیا وەک دایک. کۆمار بە بیانووی دواکەوتوویی کۆمەڵگە ناترسێ لە بڕیاردان و نالێ ئەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری زوویە. کاتێک لە پێشەوا سەبارەت بە مافی دەنگدانی ژنان پرسیار دەکرێ، تەواو بە ئەرێنیی وەردەگرێ. جا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ژنانی ئێران لە ساڵی ١٩٦ مافی دەنگدانیان پەیدا کرد و لە عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ دەردەکەوێ کە کۆمار چەندە بێباکانە و بە باوەڕەوە دەڕوانێتە بەشداریی ژنان لە بڕیاردا،

یان هاتنە مەیدانی ژنان و ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ دیتنی گۆشەنیگای کۆمار سەبارەت بە ژن و کۆمەڵگە.



**کوێستان گادانی**: هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کۆکردنەوەی ئەوان لە ساباتی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژناندا، یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆمار و شوێندانەرترین دەسکەوت بووە لە سەر مێژووی بزووتنەی ژنانی کورد.

هەبوونی ژن لە دام و دەزگای بەڕێوبەریی و ناوەندی بڕیاردانی هەر ولاتێک بەستراوەتەوە بە جێگە و پێگەی ژن کە لە ناو کۆمەڵگەی ئەم ولاتەدا هەیە. لە کوردستانی ئەو کاتی ئێمەدا، ژن جێگەوپێگەیەکی تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەدا نەبووە، بێجگە لە ڕۆلی دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا و، خوشکێکی خانم و یان ژنێکی سەرسپی و جێگای ڕێز، بۆیە

ئۆرگانیسەکردن و بەڕێکخراوەیی کردنی ژنـان لە کەش و هەوای ئـاوا داخـراو نیسبەت بە ژنـان کارێک و هەنگـاوێکی ئـاسان نەبووە، بەڵام پێشەوای نەمر بۆ جێخستنی ئەم دەستپێکە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکرد.

دەگەڵ ئەوەی کۆمار روخسارێکی پیاوانەی هەبوو، بەڵام دەبێ دان بەم ڕاستیە دابنێن کە کۆماری کوردستان دەرگـای ڕوونـاکی بە رووی ژنی کورددا کردەوە و ژنی کورد دامەزراندنی یەکێتی ژنان و هەروەها گـۆڕانی شێوەی ڕوانینـی کـۆمەڵگەی کـوردەواری نیسبەت بە ژن وەک دەستپێکی ڕێگایەکی دوور و درێژ بـۆ گەیشتن بە مـافی ڕەوای خۆیـان، بە دەسکەوتی کۆمـاری کوردسـتان دەزانن

**پرسیار**: گوتـاری سەرەکیی کۆماری کوردستان شوناسخوازیی نەتەوەیی بووە کە بووەتە هەوێن و چرای بـزووتنەوەی سیاسـی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. ژنانی نەوەکانی دوای کۆمار و لەبەشەکانی دیکەی کوردستان چۆن لەگەڵ ئەم گوتـارە هـاتوون و چەندە پشکدران لەو خەباتەدا؟

**کوێستان گـادانی**: کاتێک کە کۆماری کوردسـتان بە گوتـاری شووناسـخوازیی نەتەوەیـی یارمەتیـدەری دامەزرادنی رێکخراویـی ژنـان دەبـێ بە دڵنیـایەوە هەر لە سـەرەتایی دامەزرانـدنی ئەم ڕێکخـراوەیەش شـوێندانەریی ئەم گوتـارەی نەک هەر پێـوە، دیارە بەڵکوو بووەتە گوتاری سیاسیی ئەم یەکیەتییەش. بە بڕوای من هەر لە سـەرەتای هـاتنەدەرێی ژنـی کـورد لە مـاڵ بـۆ کاری ڕێکخراوەیی تـا ئیستا دوو ئـامـانجی پێکـاوە، یەکیـان ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیـی خـۆی بەرێـوە ببـا بـۆ گەیشـتن بە رزگاری نەتەوەیی، ئەوەی دیکەیان دەستەبەرکردنی مـافی یەکسـانی لە نێـو کـۆمەڵگەدا. ئەم دوو ئـامـانجە ئێسـتاش سەرنجی ژنی کورد ڕادەکێشێ و درێژەدەری خەبـاتی پێگەیشتن بەو دوو ئـامـانجەن. بـۆیە نەوەکـانی دوای کۆماریش وەک هەمـوو ڕەوتـی دیکەی ژیان لە هەلومەرجی تایبەتـدا گـۆڕانکارییـان لە شێوەی تـاکتیـک بـۆ گەیشـتن بە ئـامـانج هێنـاوە، بەڵام لەم ئـامـانجە پیرۆزەیـان دوور نەکەوتوونەوە. دەکرێ بڵێین کە بە هۆی هێژمۆنیی گوتـاری سیاسی - نەتەوەیـی و هەسـتی نەتەوەیـی گشـتی تــاکی کــورد، ئەم بیــرۆکەیە زیــاتر زاڵ بــووە و بــووەتە هـۆکـاری ئەوەی کە خەبــاتی یەکسـانیخوازی لە بـرگەیەکەوە بـۆ برگەیەکی دیکە لاوازتر لە خەباتی نەتەوەیی بەرچاو کەوتبێ؛ بەڵام ناتوانین حاشـا لەم راستییە بکەیـن کە ژنـی کـورد لە ڕاستیدا هاوتەریب تێدەکۆشێ بۆ گەیشتنی بە هەر دوو ئـامـانجی رزگاریی نەتەوەیی و یەکسانیی رەگەزی.

**مەهابـاد قەرەداغـی**: کـورد یەک نەتەوەیە و کوردسـتان یەک وڵاتە، بـۆیە پـارچە پـارچە کردنەکەشی هیچـی لەو ڕاسـتییە نەگـۆڕیـوە، بەڵام بەدیهێنـانی ئەو ڕاستییەی زۆر سـەخت کـردووە. لە هەر کـام بەشـی کوردسـتـاندا پێشـهاتێک، کـارەسـاتێک، ڕووداوێک ڕوو بدا، بە بێ هیچ گومانێک کاریگەریی لەسەر بەشەکانی تر دەبێ و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەروونی کورد دەبێ لە

هەر بەشێک بژی و تەنانەت گەر لە هەندەرانیش بژی. بۆ ئەو کاتەش بێگومان وابووە و کۆماری کوردستان وەک قیبلەیەک بینراوە کە هەموو کورد ڕووی تێبکا. دەبینین چۆن بارزانیی نەمر کە سەرکردەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردە لە باشووری کوردستان لەو کاتەدا دەچێ و بە سەرکۆماری کوردستان دەڵێ من سەربازێکی کۆمارم و خۆی و پێشمەرگەکانی لە خزمەتی کۆماردا دەبن. هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانی کە حەپسەخانی نەقیب بەڕێوەی بردوون پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوی ژنانی کۆماردا هەبووە و هاوخەباتییان بۆ یەکتری دەربڕیوە. کوردستان یەک جەستەیە و هەرکوێی جەستە ئازارێکی هەبێت، کار لە جوڵە و چالاکی یەکتری دەکەن.

**گوڵاڵە شەرەفکەندی:** ژنانی کوردی چالاک لە گۆڕەپانی خەباتی مافخوازانەی کورد و لە سیاسەتدا هەتا ئەوڕۆ بەشی هەرە زۆری توانای خۆیان تەرخان کردووە بۆ دەستەبەر کردن و وەدیهێنانی خەونی سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگاریی کورد لە بندەستی. بە واتایەک بەشێکی زۆر کەم و لاوەکی سەرفی خەبات بۆ یەکسانی کراوە. هەمووکات چ لە لایەن حیزبەکان و چ لە لایەن خودی ژنەکانیشەوە گوتراوە یان، بە هەنگاوی بە کردەوە وا نیشان دراوە خەباتی سەرەکی خەبات بۆ رزگاری لە بندەستییە.

بە بڕوای من ئێمە نەمانیوانیوە ئامۆژگارییەکانی کۆمار زۆر لەبەر چاو بگرین و زۆر جاران لە بڕیاردانەدا نەمانتوانیوە بوێر بین بۆ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگە. هەڵبەت سەرهەڵدان و پەرەسەندنی توندئاژوویی ئیسلامی لە ناوچە و لە ژێر کارتێکەری کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا پاشگەزبوونەوە لە یەکسانی زۆر بە ڕاحەتی پاشەکشەی بە هەموو جۆرە هەوڵێک لەم بوارەدا کردووە. کاتێک لە کوردستان ئەمرۆ لە قەرنی ٢١ باسی بە شوودانی کچانی ژێر ١٣ساڵ دەکرێ، کاتێک ژنی کورد وەک بەردە و دیلی سێکشوال لە لایەن داعێش کە زۆر لە سەرکردەکانیان کوردن، ئیستیفادەی لێ دەکرێ. کاتێک حیزبەکان بە تێبینییەوە و زۆر جاران لە ترسی کۆمەڵگە بە خشکە باسی یەکسانی دەکەن، لەوە زۆرتر چاوەڕوانی ناکرێ.

هەڵبەت نابێ حاشا لەوە بکرێ لە ژنانێکی بوێر لە هەر دوو مەیداندا سەنگەریان بەجێ نەهێشتووە و هەتا ئێستاش تەنانەت بە فیداکردنی گیانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمار تێکۆشاون. نموونەکەشی دوور نەڕۆین، هەردوو نەسرین و سۆهەیلاکانی کوردن و زۆری دیکەش.

**پرسیار:** ژنان لە ئێستادا لە کوردستان چۆن باس لە شوناسی خۆیان دەکەن. شوناسی ژنان گرێدراوی کام چەمک و بایەخن، بایەخە نەتەوەییەکان، یان بەها ڕەگەزی و فیمینیسم؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی:** لە لای من کاتێک دەڵێی ژنان لە کوردستان مەبەستت ژنی کوردە چ لە کوردستان بێ و چ لە تاراوگە و چ لە بن دەستی داگیرکەر. ئەو ژنە، هەم ژنە هەم کوردە، پێناسەکەی هەم ڕەگەزییە هەم نەتەوەیی و ناکرێ تەنیا بەسەندە بە یەک بەشی بکەین. بۆ من ژن بوونەکەی دەبێتە هەوێنی خەبات بە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان. کورد بوونەکەشی دەبێتە هەوێنی خەبات بە دژی هەڵاواردنی نەتەوەیی و بۆ دەستەبەر کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان. ناکرێ و نابێ یەکێک لەو خەباتانە بکرێتە پاشکۆی ئەوی دیکە، ئەگەر هەر دوو بوار هاوکات و پێ بە پێی یەکتر نەڕواتە پێش ئەو خەباتە سەرکەوتوو نابێ.

**کوێستان گادانی:** دەگەڵ ئەوەی ژنی کورد لە ناوەندی بڕیاردانداندا کەمن، دەگەڵ ئەوەی هەبوون و بەشداربوونیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی، زانستی و ڕاگەیاندن لە پیاوان کەمترن، بەڵام ژنی کورد خۆی پێگەیاندووە، ژنی کوردی ڕووناکبیر، ئاکادێمیسێن، سیاسی، ناسیۆنالیست، فێمێنیست، سێکۆلار و بەڕێوبەر هەیە؛ کەواتە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەمڕۆ ژنی کورد لێدوان دەدا و لە سەر باسێک ئانالیزەو لێکۆڵینەوە دەکا، نە فێرکراوە و نە کۆپی دەکا؛ بەڵکوو لە ئاست توانایی و پێگەیشتنی خۆیدا قسە دەکات. ژنی کورد، پێش هەموو شتێک ئەگەر خۆی بە کورد پێناسە کرد و شانازی بە کوردبوونی خۆی کرد، ئەرکێکی تایبەتی لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ دەکەوێتە سەر شان. شوێندانەری گوتاری نەتەوەیی کۆماری کوردتسان هەر بۆ نیوەی کۆمەڵ واتە ڕەگەزی پیاو نەبووە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگە بووە، بۆیە ژن لە دەربڕین و هەستپێکردنی ئەم گووتارە نەتەوەییە بێبەش نەبووە. شووناسی ژنی کورد شوناسی کوردی ڕەسەنە، بەڵام هاوکات خۆی لە تێگەیشتنی چەمکە زانستییەکانی دیکەی گرێدراو بێبەش نەکردووە و ژنی کورد زۆر باشتر لە پیاوانی کورد توانیویەتی چەمکی بایەخداری وەک ناسیۆنالیزم، فێمێنیسم و سێکۆلاریزم لە شۆناسی خۆیدا بە یەکەوە ببەستێتەوە.

**مەهاباد قەرەداغی:** گوتاری ژن و هەموو چین و توێژەکانی کۆماری کوردستان هەر گوتارێکی نەتەوەیی بووە و ئەمەش زۆر ئاساییە بۆ گەلێک کە مافەکانی زەوت کراوە و وڵاتەکەی داگیرکراوە و دەیەوێ نیشتیمانەکەی ئازاد بکا و نەتەوەکەی لەژێردەستەیی ڕزگار بکا. لەو سەردەمەدا هێشتا گوتاری فێمینیستی لە هیچ کوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبووە و لە کۆماری کوردستانیشدا بێگومان بەوشێوەیە نەبووە. سەربەخۆییخوازی و هەوڵ بۆ ئەو بەها نەتەوەیی و مرۆڤایەتییە، وەک ئەرکی سەرەکی بینراوە و کاریی بۆ کراوە.

ئێستاش ژنانێکی هۆشیار لە هەر بەشێکی کوردستان هەن و هەوڵی پێکهێنانی گوتارێکی فێمینیستییان داوە و دەدەن. هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوەیی خەباتێکی خورتیش بۆ ڕزگاریی توخمی مێ لە کۆت و پێوەندە کۆمەلایەتی و

کولتوورییەکان، هەیە و بەردەوامە.

**پرسیار**: ئەمڕۆکە پرسی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بە ئاکام نەگەیشتووە. گوتاری شوناسخوازیی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان گوتاری زاڵ و سەرەکییە. بەڵام فیمنیزمیش وەک گوتارێک لە کوردستان گەلێ قۆناغی بۆ پێش بڕیوە. جێگە و پێگەی گونجاوی ژنان لەو هاوکێشانەدا دەبێ کوێ بێ؟

**مەهاباد قەرەداغی**: بە بڕوای من دەبێ ئەو دوو ئەڵقەیە بە تەواوی پێکەوە پەیوەست بکرێن، خەباتی نەتەوەیی و جێندەری. ژن کورد بە تەنیا ڕزگاری نابێ، ئەگەر نەتەوەکەی ژێردەستە و خاکەکەی داگیرکراو بێت. پیاوی کوردیش بە تەنیا ناتوانێ نەتەوەیەک ڕزگار بکا کە سەدەیەکە ژێردەستەیە، هەروەها تەنانەت گەر کوردستانیش ڕزگار بکرێ لە دەستی داگیرکەران و ببێ بە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد، گەر ژن و پیاو هەر دووکیان وەک دوو تۆخمی سەرەکی تیایدا ئازاد نەبن و مافەکانیان پارێزراو نەبێت، ئەگەر دەوڵەتێکیش چێ ببێ، دەوڵەتێکی بەئەرزش نابێ. لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە ژن و پیاوی کورد، هاودەنگ و هاودەست بن لە هەردوو خەباتەکەدا، واتە بۆ ڕزگاریی کورد و بۆ ڕزگاریی مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە و بۆ ئازادبوون.

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بە بڕوای من خەباتی فێمنیستی لە کوردستان سەرەڕای هەموو هەوڵەکان، لە کزی داوە و ئەوە تەنیا کوردستان ناگرێتەوە، لە زۆر وڵاتی پێشکەوتووش سیاسەتی نێودەوڵەتی خەریکی پاشەکشەیە لە هێندێک لە بنەماکانی سەرەکیی یەکسانی. بە واتایەک بنەما بۆتە وەدەستهێنانی دەنگی زۆرینە و دەنگی زۆرینەش ژنان نین و باسی فێمینیستی نییە.

ژنانی کوردستان کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە مەرکەزی ئیسلامییە توندڕەوەکاندا دەژین و خەبات دەکەن لە هەمیشە کاریان سەختتر، دەنگیان کزتر و پشتیوانیان کەمترە. بە واتایەک ئەمڕۆ پێشکەوتووخوازی مۆد نییە بۆ کاری ژنان لە کوردستان زۆر دژوارتر بووە.

بوونی ژنانی پیشمەرگە و چەک لە شان و بەجەرگ نەیتوانیوە بە تەنیایی بیری کۆمەڵگە بگۆڕی. پێشمەرگەی ژن بووەتە سیمبولی خۆڕاگریی کورد، بەڵام نەبووەتە سیمبولی باوەڕ بە مافی یەکسان یان توانای یەکسان لە بواری جۆراجۆردا.

**کوێستان گادانی**: خەباتی بزووتنەوەی ژنان و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دوو خەباتی لێکگرێدراون، لانیکەم لەو چەند ساڵانەی دواییدا ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر زەق و روون دەرکەوتووە. خەباتی کوردان بەگشتی لەسەر کۆڵەکەی ڕزگاریی نەتەوەیی دامەزراوە و هێندێک ئیستاش لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ڕزگاریی نەتەوەیی بە دەست بێنین، زۆر بە ئاسانی مافی یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرێ. زۆر لە ژنانی نێو ڕیزی شۆڕشیش لە سەرەتاکانەوە زیاتر لە فیکری دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی دابوون و ئەگەر ڕۆڵ و نەخشیان هەبووبێ کە بەدڵنیاییەوە کاریگەریی زۆریان لە سەر شۆڕش هەبووە، زیاتر لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەییدا بووە. لێرەدا ئەولەوییەتی یەکەم کە ڕزگاری نەتەوەیی بووە مەجالی بە ژنانی کورد نەدەدا کە باسی مافی یەکسانیی خۆیان بکەن، بۆیە تەواوی وزەی خۆیان بۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان دەکرد و هیندێکیشیان لە ڕێگای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بۆ مافی یەکسانیی خۆیان هەوڵیان داوە. بەلام ئەوەی کە دەبێ ژنان لە ئەمرۆرا و بەو ئەزموونەی وەدەستیان هێناوە دەبێ لەو هاوکێشەیەدا چ جێگە و پێگەیەکیان هەبێت، راستی ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو جیاوازییەی کە لە ڕووی تاکتیکی بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان کە تاکی ژنی چالاک هەیەتی. بە بڕوای من ژنی کورد کاتێک جێگە و پێگەی دروستی لەم هاوکێشانەدا دەبێ کە بالانسی بەینی ئەم دوو گووتارە راگرێ و هاوتەریب دەگەل یەک هەولیان بۆ بدا کە لە درێژخایەندا وەک بنەما و ژێرخانێکی پتەو بۆ نەهادینەکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێک بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ.

**پرسیار**: هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەدا ڕای خاتوو موزەیەن گونەش، چالاکی سیاسی و نوێنەری پارتی دێموکراتیکی گەلان (HDP) لە هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بۆ "کوردستان دوا:



**موزەیەن گونەش**: لە ڕاستیدا ئەوەی پێشەوا قازی محەممەد بۆ گەلی کورد کردوویەتی بە تایبەت لەمەڕ پاراستنی مافی

ژنان تشتێکی دیرۆکییە و جێگای گەلێ ڕێزلێنانە. سەبارەت بە ژنیش دەبینین کرانەوەیەک هەبووە وەک؛ خوێندن و هێنانە مەیدان و لەو بوارانەوە هەنگاوی باشی ناوە. لە ڕووی ڕۆشنگەریشەوە هەنگاوی گرینگی ناون و بە گوێرەی هەلومەرج و سەردەمی خۆیان هەنگاوی باشیان ناوە. تا ساڵانی هەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردووش هەندێک وڵاتی ئورووپا مافی دەنگدانیان بە ژنان نەدابوو. تەنانەت تا ئەم دواییانەش مشتومڕێکی وا لە نێوخۆی عەرەبستانی سعودیە لەئارادا بوو کە ئاخۆ مافی دەنگدان بە ژنان بدرێ یان نا. کاتێک دەسکەوتەکانی کۆمار و پێشکەوتنەکانی بەم پێوەرانە هەڵدەسەنگێنین، دەبینین لەو ئانوساتەدا هەنگاوی گەلێک پێشکەوتنخوازانەیان ناوە و ئەو دەسکەوتانە بایەخێکی زۆریشی بۆ ژنی کورد هەبووە.

ئەگەرچی ئێستا بەشێک لە خەباتی ژنی کورد لە بیر و ئەندێشەی باکوورەوە و لە سەر هیم و بنچینەی فەلسەفەی بەڕێز ئۆجەلانەوە سەری هەڵداوە و گرینگی و بایەخی ڕۆڵی ژن لێرە زۆرتر هەست پێدەکرێ. خاڵی سەرەکی ئەمەیە کە ژن دەور و پێگەی خۆی لە مێژوودا بزانێ و بیناسێ و لە سەر بنەمای ناسنامەی زایەندیی خۆی، لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پێشبکەوێت.


لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی باکووری کوردستاندا تا ئێستاش گفتوگۆیەکی زۆر لە سەر پرسی ژن دەکرێ و ئیلهام وەرگرتنی ژنانیش تەنیا بە کۆماری کوردستانەوە سنووردار ناکرێت. ڕاستە ئێستا ئێمە پرسی ژن لە سەر بنەمای بیر و ڕامانی بەڕێز ئۆجەلان بەرەوپێش دەبەین. بەڵام ئەمە نایەتە ئەو واتایەی کە ئێمە نکۆڵی لە مێژووی کۆماری کوردستان بکەین، یانیش ئەگەر لە بەشێکی دیکەی کوردستان کەسێک و خەباتێک گرینگیی بە ژن دابێت، نکۆڵی لێ بکەین. بەڵکوو ئێمە ئەو بایەخ و گرینگییە دەبینین کە بۆ یەکەمجار کۆماری کوردستان بە ژنی کوردی داوە. هەر هەنگاوێکیش کە لە پێناو بەرەوپێشبردن و سەرخستنی پرسی ژن نرابێت، ئەوا جێگەی ڕێز و پێزانینە. کۆماری کوردستانیش لەمەدا پشکی خۆی پێ براوە و ئەمە حاشای لێ ناکرێ.

لە ژمارە ٧٤٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

## بەشێک لە پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنان

## پەیامی پیرۆزبایی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە بۆنەی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنان




**بەڕێز یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**
**سڵاوێکی گەرمی برایانە**

٢٤ی ڕەشەمەی ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان (یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێستا)دا تێدەپەڕێ. دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنان تەنیا شەش مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ٥٢ ڕۆژ پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان نیشانەی تێگەیشتنی بەرزی پێشەوا قازی موحەممەد لە نەخشی ژنان و پێویستیی

بەشداربوونیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندایە. هەروەک هاندانی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ ئەندامەتیی ئەورێکخراوە و وەرگرتنی بەرپرسایەتیی یەکەمی ڕێکخراوەکە لە لایەن مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەواوە بەڵگەی بەخەمبوونی پێشەوا بۆ پەرەستاندن و پێشکەوتنی ژنانی کورد و حیزبەکەیان لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیدایە.

لە تەنیا نۆ مانگ کار و چالاکیی ئاشکرای ئەو ڕێکخراوەدا ژنی کورد لێوەشاوەیی خۆی بۆ وەرگرتن و بەڕێوەبردنی کار و بەرپرسایەتی نیشان دا و ئیسباتی کرد ئەگەر ژنان دەرەتانی کار و تێکۆشانیان بۆ بڕەخسێ هیچیان لە براکانیان کەمتر نیە. ئەندامانی ڕێبەری و کادری پێشەوەی حیزبی دێموکڕاتی ژنان لە نووسین و وتاردان و کاروباری هونەری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا وەک دەڵێن: «جوان درەوشان» و شانازییان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت.




یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانیش کە میراتگری حیزبی دێموکڕاتی ژنانە، لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا شانازیی گەورەی دەست کەوتوە و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە نەک هەر لە چالاکیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، تەنانەت لە بواری پێشمەرگایەتییشدا نەخشی پڕشانازییان هەبووە و لەو ڕێبازەدا زۆریان قوربانی داوە. ئەو قوربانیدانە بە شەهیدبوونی دوو بەرپرسی یەکەمی یەکیەتیی ژنان لە مووشەکبارانی ساڵی ١٣٩٧ی قەڵای دێموکراتدا گەیشتە لووتکە. یادی شەهیدان نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری و تێکڕای شەهیدانی یەکیەتیی ژنان و هەموو شەهیدانی ژن بە خێر و ڕووحیان شاد.

بەمجۆرە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان هەم ڕابردوویەکی پڕشانازیی لە پشتە و هەم داهاتوویەکی پڕ ئەرک و بەرپرسایەتیی لەپێشدایە. بۆ هەموومان هەرچەندی رابردوو پڕ دەسکەوتتر بێ ئەرکی خەباتگێڕانەی داهاتوو قورستر دەبێ. لەسەر یەکیەتیی ژنانە کە بە کار و تێکۆشانی بێوچان و هەوڵی بردنەسەری پلەی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ئەندامانی پتر سەرنجی ژنانی کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و چەندی بکرێ زیاتر ژنانی کورد لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک بخا.




لە کاتێکدا بە بۆنەی یادی ٧٥ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو ژنانی کوردستان دەکەم ئاواتەخوازم لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەر شانتاندا سەرکەوتوو بن و نیشان بدەن کە بەهەق میراتگری شانازییەکانی ئەو ڕابردووەن و سەرکەوتنی زیاتر بۆ داهاتوو چاوەڕێتانە.

سڵاوی دووبارەم قبووڵ بکەن.

دڵسۆزتان عەبدوڵڵا حەسەنزادە

٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

## پەیامی پیرۆزبایی عیسمەت نستانی لە یادی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنان



حەفتاو پێنج ساڵ لەمەوبەر یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئەنجامی بیری پێشکەوتنخوازانەی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە شەهید پێشەوا قازی محەممەد و مەرحووم مینا خانمی خێزانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان. بەو بۆنەیەوە وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش بۆ ڕوحی پاکی شەهیدانی کوردستان، بەتایبەت دوو سکرتێری شەهیدی ئەو ڕێکخراوەیە شەهیدان نەسرین حەداد و سۆهەیلا قادری، پرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوەیە دەکەم.

لە کاتێکدا یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان بەرز ڕادەگرین کە شەپۆلێکی گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی و شاخەوانیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە کە لە دیارترینیان سەپاندنی حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بە سەر زارا محەممەدی چالاکی فەرهەنگی و مامۆستای زمانی کوردی و هەروەها بەندکردنی دەیان ژنی چالاکوانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. هەر بۆیە لێرەوە داواکارم لە ڕێکخراوەکانی مافی

مرۆڤ کە لە بەرامبەر ئەو ناعەدالەتییەی دژی چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ، بێدەنگ نەبن. جارێکی دیکە حەفتاو پێنجەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکڕاتی کوردستان پیرۆز بێت.




**عیسمەت نستانی**

**٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١**

سەرچاوە
Serchawe



## پەیامی پیرۆزبایی قادر وریا بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات




**بەڕێز کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!**

**سڵاو و ڕێز**

بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە گەرمی پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و لە ڕێگای ئێوەوە پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی ئەندامی ئەو یەکیەتییە دەکەم و، بۆ کۆمیتەی بەڕیوەبەری و هەر وەها بۆ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە گشتی سەرکەوتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا بە ئاوات دەخوازم.

یەکیەتییەکەتان دەبێ شانازی بە خۆیەوە بکا کە یادگاری کۆماری کوردستانە و، وەک بە تەمەنترین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستان، لە هێنانە مەیدان ژنانی خەباتگێڕی کورد بۆ بەشداری لە خەباتی ڕەوای نەتەوە بندەستەکەیان و، داواکردنی مافی یەکسانی بۆ ژناندا پێشەنگ و ڕچەشکێن بووە. ئەوەش کە لە سەر پێشنیار و پشتیوانیی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان دامەزراوە و، مینا خانم، هاوسەری سەرکۆماری کوردستان، یەکەم بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە

بووه، ڕێز و ئیعتیباری یەکیەتییەکەتانی ئەوەندەی دیکە زیاد کردوە.




یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لە ماوەی پتر لە ٤ دەیەی ڕابردووشدا، زۆر لاپەڕەی پڕشنگداری لە بواری تێکۆشانی جۆراوجۆر، لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردوە. بە سەدان ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی ئەندامەتیی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، تێکەڵ بە خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بوون؛ بە دەیان کادری لێهاتووی ژنان لە ڕێڕەوی تێکۆشان لە ڕیزەکانی ئەو یەکیەتییەدا، پەروەردە بوون. یەکیەتیی ژنان سەرچاوەی زۆر چالاکی و کۆڕ و کۆبوونەوە و بەرنامەی فەرهەنگی و فێرکاری وخەباتکارانە بووە. ژنانێکی لێهاتوو و شوێندانەریش لە ڕەوتی خەبات بۆ ئامانجە بەرزەکانی ئەو یەکیەتییەدا، گیانیان لە دەست داوە. لەم بۆنەیەدا وێڕای یادکردنەوە لە مینا خانم، یەکەم بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات و هاوسەری سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، سڵاویش دەنێرم بۆ گیانی دوو خانمی خەباتکار، دوو لە سکرتێرەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری کە لە تاوانی گەورەی ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دیموکرات، لە مووشەکبارانی قەڵای دیموکراتدا، شەهید بوون.

لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستاندا، ئارەزوو دەکەم یەکیەتییەکەتان دڵگەرم بەو ڕابردووە لەمێژینەیە و ئەزموونەکانی چەند دەیەی ڕابردوو، هەر وەها پشت ئەستوور بە ئیرادەی ژنانی یەکسانیخواز و، پشتیوانیی پیاوانی دیموکرات و پێشکەوتنخواز، بە گوڕ وەک ڕابردوو، بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی تێ بکۆشێ. بە ئەرکی خۆشمی

دەزانم کە  پشتیوانی وهاوپێوەندیی خۆم لە گەڵ یەکیەتییەکەتان بە تایبەتی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان بە گشتی دووپات بکەمەوە.

پیرۆز بێ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان،

سەرکەوێ خەباتی یەکسانیخوازی لە کوردستان و سەرانسەری جیهان.

قادر وریا

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

---

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵی خەبات و تێکۆشانی




**ژنان و کچانی تێکۆشەر!**
**ئازادیخوازان و یەکسان خوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان!**
**خەباتکارانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان!**

پەنجاودوو (٥٢) رۆژ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان و حەوتوویەک دوای ٨ ی مارس، بە هیممەتی نەمر مینا خانمی قازی و ژمارەیەک لە ژنانی ئۆگری ئازادیی و مافی یەکسانی، بە پشتیوانی پێشەوای نەمر قازی محەممەدی سەرۆککۆمار، لە ٢٤ ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ (١٩٤٦) دا، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا.

ژنان لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا، و دواتر و بەتایبەتی دوای دامەزرانی حیزبی خۆیان، تێکۆشان و چالاکییەکانیان بە تین و گوڕتر، لە رۆژنامەی کوردستان و کۆبوونەوەکانی ژنان و فێرکاریی لە قوتابخانەکانی منداڵان و گەورە ساڵان دا، زۆر زیاتر کرد.

بیری ژێریی دامەزرانی حیزبی ژنان کە لە حیزبەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی ئورووپاییش لەو کات دا، کەم وێنە بوو و لە بزووتنەوەی ژنانی سەرانسەری ئێرانیش دا، دوا نەکەتبوو. لە ساڵێ ١٣٢٠ (١٩٤١) دا، "حیزبی ژنانی ئێران" دامەزرابوو و ساڵێک بەو ناوە چالاک بوو. ئەو وەزعە ئەوە دەگەیەنە کە، گۆمەڵگەکانی ئەوکاتی ئێرانیشدا، کەمتر بیری حیزبی سەربەخۆیی تایبەتیی ژنانیان بۆ دەلوا. بۆیە بەڕێوەبەرانی کۆمار و پێشەوای مەزن کە لە ماڵی خۆی ڕا هاندەریی پێکهێنانی ئەو حیزبە بووە و ژن و کچانی خۆی بەشدارانی چالاکیی بوون، بێشک ئەگەر کۆماری کوردستان مەودای مانی بوایە و بەرەو هەڵبژاردن چووبایە، ژنان هەم مافی دەنگ دان و هەم بەربژێری حیزبی خۆیان، بۆ هەڵبژاردنەکان دەبوو. وەک: لە ئازەربایجان کە ئەو هەلە ڕەخسا، ژنان بەشداریی هەڵبژاردنی مەجلیسی میللی بوون، کە لە تەورێزی پێتەختی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بەڕێوەچوو.

گرینگی دانی حیزبی دێموکراتی ژنان بە خوێندن و خوێندەواریی و پەرەپێدانی ئەو مەسەلە هەم وەک پێداویستی کۆمەڵگەی دواکەتوو هێشتراوەکەمان و خوێندەواریی سەرەووی نەود لە سەد (٩٠٪) و هەم دوورە دیمەنی، ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی بەدرووستی لێکدرابۆوە. بۆیە دوای ساوکۆژکردنی کۆماری کوردستان لە وەسییەت نامەی بەرەبەیانی ١٠ خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧)، پێشەوا قازی محەممەدیش دا، پێش لە سێدارەدانی، خوێندن و خوێندوار بوونی، بە چەکێکی گرینگی ڕۆڵەکانی ئەمگناسی گەل بۆ ئازادیی، مافی نەتەوەیی چاوکراویی و ژیریی، لەگەڵ یەککرێزی دادنێ؛ کە پڕ ڕەنگترین، بەشی ئەو وەسییەت نامەیەن.

کاتێک لە بیروەریی لە نەسل و وەچەکانی دوای کۆمار، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا، دەبینیین یا دەبیسیین، بنەماڵەکانی زۆربەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی ژنان، لەبەشی پەوەردەیی و خوێندەوارکردنی منداڵەکانیان دا، دریخیان نەکردوە، لە دوورخرانەوە، زیندانی کرانی خەباتکاران و جووڵانەوەی بەرگریی چەکدارییان دا، یار و پشتیوانیان بوون. ئەو بەستێنە ئومێد بەخشە، لە ناڕەزایەتییەکان ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨)، ژنان لە ڕیزەکانی هەرە پێشووی، خۆ پێشاندانەکان بە دژی "سەرەرۆیی مۆدرێزن"ی شا دا، ڕەنگی دایەوە.

تێکۆشانی چەند مانگەی ژمارەیەک لە کچان و ژنان ، لە گەرمیی ڕێپێوان و ناڕەزایەتییەکان لەشەقامەکانی مەهاباد دا، و دەرچوونی چەند ژمارە گۆڤاریی مانگانەی "دەنگی ژنی کورد"، دەرخەرەیی ئەو هەستەن کە دوای ٣٠ ساڵ لە ئاسمانی پێتەختی کۆماریی کوردستان دا، دەتوانێ خۆی نوێ کاتەوە.

لە دوای بە مێژوو سپێرانی ٥٧ ساڵ دەسەڵاتی کوودێتایی پەهلەوییەکان و دەسپێکی ڕێژیمی نوێ بە جەوهەریی ئیسلامی سیاسی، ژنان، لە متینگی پتر لە ١٠٠ هەزار کەسیی شاری مەهاباد دا، میوانداریی و خزمەت و حورمەتیی هەزاران کەسی لە لایەک، بەشداریی لە مێتیینگەکە و چەک لە شانی ژمارەیەک لە لایەکی دیکە، ئاستی وشیاریی و ژیریی، کچان و ژنانی پتر نیشان دا.

لە ساڵی پڕ ڕووداوی ١٣٥٨ دا، لە بەهاریی خوێناویی سنەدا، لە بەشداریی نەکردنی زۆربەی گەلی کورد لە "ڕاپرسی" بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا، لە ڕووداوی داسەپاو و نەخوازراوی شەڕی نەغەدە، لە ستادیۆم و نێوشار و گەڕەکە کوردیییەکان دا، لە هەڵبژاردنی نوێنەریی مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنچینەیی دا- کە لاوە بەهەستەکەی کۆمار و پیاوە بلیمەتەکەی درێژەدەریی ڕێبازی کۆمار- دکتورعەبدولرەحمەنی قاسملوو، بە نوێنەری گەلانی کورد و تورکی ئازەریی هەڵبژێرا. کاتێک ١٦ ڕۆژ دواتر هێرشی سەرانسەریی بە فەرمانی ئاتوڵڵا خومەینی بۆ کوردستان کرا، و سێ مانگیی پڕ خوێن و وێرانی لێ بەرهەم هێنرا، ژنان لە هەموو چین و توێژەکان لە خەباتی ڕەوای بەرگریی دا، لە هەموو ڕەهەندەکان، بە تایبەتیی پێشمەرگایەتیی دا، داستان گەلێکیان خوڵقاند، کە لە مێژویی نووسراو و نەنووسراو دا، فەرهەنگی بەرخۆدان و بڕوا بە خۆبوون، یەکگرتوویی و هاوخەباتیان تۆمار کردەوە.

پاشان کە دەسەڵاتدارانی قوم و تاران، ناچار بە قبووڵی ئاگربەست بوون و "هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" دروست بوو. چوارچرا شاهیدی مەزنترین کۆبوونەوە بوو. پێشمەرگە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتنەوە نێو شار و گوندەکان. خەبات و سازماندەیی ئۆگرانی ئازادیی، مافی نەتەوەیی و یەکسانی، نوێ کرانەوە و پێشمەرگەبوونی ژنان و کچان، بوو بەشێکی گرینگ، لە تۆمارکردنی مێژوویی نوێ دا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) دیسان بە دوویەمین ڕێفراندۆم، بە یاسای بنچینەیی، مادەگەلیی ئیسلامیی فیقهی و داسەپاندنی ویلایەتیی فەقیە "نا" گوترا. ڕێپێوان گەلێکی پشتیوانی لە "هەیئەتی نوێنەراتی گەلی کورد" ئەنجام دەدران. لە ڕەشەمەی ١٣٥٨ (١٩٨٠) دا، کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (ئێران) لە مەهاباد، لە ژێر سێبەری تانک و تۆپ، ئەرتەش، پاسدار و بەسیجی ئامادە بە جبەخانەی تەیار، لە چیا و بەرزاییەکان شار و پادگان و مۆڵگە نیزامییەکان، گیرا. بۆ یەکەم جار، دوایی ٣٣ ساڵ دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنانی کوردستان، هەر لە مانگی ڕەشەمەدا، کچێکی نەمران پێشەوا قازی محەممەد و یای مینای قازی- یەکەم بەرپرسی حیزبی ژنان- خاتوو فەوزییەی قازیی، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردرا.

هەر لە ڕەشەممە دا، یەکەمین هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی، لە کەش و هەوایەکی فرە حیزبی و ڕێکخراوەیی و بە بەربژێریی سەربەخۆکانیش، سالمترین و ئارامترین هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، کە ژنان و کچان تەبلیغات و بەشدارییەکەیان زۆر بەرچاو و دیار بوو.

لە پاییزی سالی ١٣٥٩ (١٩٨٠) وە، ئاگربەست لە لایەن ڕێژیم شکا. هێرش و شەڕەکانی نەخوازراو لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دەستیان پێکردەوە. زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی بڕیاریی بەرگریان دا. ژنانی و کچان چ وەک پێشمەرگە و چ وەک بنەماڵەی پێشمەرگە، زیاتر لە ٤٠ ساڵە، لە بەرگریی و بەرخۆدان لە بەرانبەر داگیرکاریی لە لایەک و بۆ ڕێکخراو سازیی و سازماندەیی سینفی خۆی لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدا.

لەو ڕەوتە دا، لە ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥) یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دامەزرا. لەو قوناغە دا، کاری ڕێکخراویی ژنان، پێشمەرگایەتی و تێکۆشانی نێو حیزب لە کوردستان دا، تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵاو بوون. هەرچەند ڕێکخراویی ژنان لە لایەن حیزبەوە، یارمەتی دەدرا، بەڵام سازماندیی و تەشکیلاتی خۆی جیاواز و لە چوارچێوەی مەدەنیی و فەرهەنگیی دا، زۆربەی چالاکییەکانی ئەنجام دەدا.

**بەڕێزان!**

ئێمە لە حالێک دا، ٧٥ مین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یاد دەکەینەوە کە زیاتر لە ٤٢ ساڵە لەگەڵ ڕێژێمێکی دژی گەلیی، خوێنڕێژ، تیرۆریست، ماف پێشێلکار و سەرەڕۆیی دینی و مەزهەبیی خەبات دەکەین. درێژی خەبات، و ئاوارەبوونی تێکۆشەرانمان، خەبات و تێکۆشانی ئێمەی بەرفراوانتر کردەوە و لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی، کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانمان چالاکن. تێکۆشانی ڕێکخراوەکەمان لە تاراوگە بۆتە هۆی پێوندیی ئێمە لەگەڵ هێندێک ڕێکخراویی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو، تۆمار کردنی ناوەکەمان لە ژمارەیەک لەو وڵاتانە دا، کە لە سەرووی هەموان ئەندام بوون لە ڕێکخراویی ژنانی ئینترناسیونال- سوسیالیستە. ئیمزای سێداو بۆ خەبات دژی نەهشتنی توند تیژی، یەکێک لە گرینگترین بەڵگەکانی خەباتمان لەو ڕێکخراوە جیهانییە دایە.




لە ماوەی دو دەیەی رابردوو دا، کار و تیکۆشان و چالاکییەکانی یەکیەتیی بەرفراوانتر بووە و لە کاریی رێکخراوەیی دا، پێشکەوتنی زۆر باشی لە مێژوودا، تۆمار کردوە. سێ کۆنفرانس و پێنج کۆنگرەی گرتوە و لە بەشی فەرهەنگیی دێمۆکراسی و ئاڵوگۆڕی بەرپرسان و بەڕێوەبەریی دا، کارنامەیەکیی درەوشاوەی هەیە. مەخابن دوو سکرتێری بەوەجیشی بە تێرۆریسمی مووشەکیی کۆماریی ئیسلامی، شەهیدان، مامۆستا نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری لە گەڵ ١٤ رێبەر، کادر و پێشمەرگەی دێمۆکراتەکان شەهید بوون. هەروەها، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێینمان بریندار و زامداربوون و زەبرێکی زۆر بەژان تووشی یەکیەتیی ژنان، بەڕێوەبەریی و چالاکەکانی و کتێبخانەی گشتیی بوو.

بەڵام بە هیممەتی ژنان و کچانی تێکۆشەر، سەرەڕای کێشە و گیروگرفتەکانی ژیانی پێشمەرگانە و پێشمەرگە ئاسایانە، زۆر گیروگرفتی، نەریتیی، ژیانی ئاسایی و کەم داهاتی و مەترسی تەناهی، تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنان لە بواری خەبات و بەرخۆدان لە باشووری کوردستان، ژنان لەنێوخۆ و لە رۆژهەڵاتی نیشتیمان، لە دەرەوەی نیشتیمان، بەخۆشییەوە زۆر چالاکن. ئێستا کە ٧ کچ و ژن، لە رێبەری حدک و یەکیەتیی ژنان دان، شانازییەکی گەورەیە بۆ ڕەوتی خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسان خواز دا.

ئەو هەول و تێکۆشانانە لە حاڵێک دایە کە پتر لە ٤٠ ساڵە لە نێوخۆ لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دا، ژنان لە رێزی

سەرچاوە
Serchawe

هەر پێشەوەی خەباتێکی سەخت و دژواری چەند ڕەهەندی دان. کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا، بەربەرەکانی لەگەڵ رووپووش یا حیجابی زۆرە ملێ، کۆبوونەوەی بەردەوامی دایکانی پارکیی لالەی تاران، چوار شەممۆ سپییەکان، هەوڵەکانی دایکان، خوشکان، هاوژینەکانی شەهیدان، بنەماڵەی ئێعدام کراوەکان، لە خاوەران و گۆڕستانەکان و مەزاری تاک و کۆیی شەهیدان لە کوردستان، کچانی شەقامی شۆڕش، بەشداریی بەرین لە شەقامەکانی ناڕەزایەتیی گەلاوەرینی ٩٨ و گیان لێئەستاندن و بریندار کردنی دەیان ژن، کچ و منداڵ، هەوڵ دان بۆ ئازادیی گیراوەکان، لە بەر دەرگای زیندان و بێدادگاکان، ملاقاتی بەردەوام و شێلگیریی زیندانییەکان.

لە قوتابخانە و زانستگەکان دا، لە سەنگەریی خوێندەواریی و فەرهەنگیی دا، لە فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردیی واتا زمانی دایک دا، بەشداریی لە ئەنجومەن گەلیی ئەدەبی، نووسینی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دا، بەشداریی لە تیمەکانی شاخەوانی و وەرزیشوانی دا، لە نەخۆشخانەکان و بازاریی کار و لە چوارچێوەی کار دا، کارە تاقەت پڕووکێنەکانی، ئاشپەزیی، خاوێن کردنەوە و شوشتن، قورسایی ژیان و منداڵ بە خێو کردن، کۆڵبری کردن، لەگەڵ جۆرها توندوتیژیی بەڕووبوون.




لە گیران و زیندانی کران و ئازاری جەستەیی دران و لاقە یا دەستدرێژی کردنە سەریان، شکاندیان کەرامەت و ئینسانییەتیان و دیاردەی ڤیزەوەنی "پەرەستوو سازیی" لێیان. ژیانی زورە ملێ و کوشتن بە ناوی نادرووستی " قەتڵی

نامووسی"، کە بە جۆرێک جێی "سەنگساری" گرتۆتەوە. ئیزنی سەفەر پێنەدانی بێ ڕەزایەتیی مێرد، باوک، برا، سەربەخۆ نەبوون لە بواری ماڵی ژنان و کچان دا و چاو لەدەستبوونیان لە پیاوان، هێشتنەوە لە ماڵ و ئیزنی گەشە پێنەدانیان، بەشێکن لە ڕەهەندەکانی ژیانی ژنانن.

سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و ناخۆشیانەی ئاماژە پێکراو، ئێمە لە ئێران، لەگەڵ ڕێژیمێک بەرەوڕووین کە یاساکانی دژە ژنن. ژن بە ناتەواو، لە شاهیدی، لە میرات، لە جەستە دەزانن. لە خۆ بەربژێرکردن بۆ سەرکۆماریی، لە بوون بە وەزیر و وەکیل و قازی، لە سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ زۆربەی هەرزۆری وەزعییەتی ژیان، مەحرووم کراون. بەگشتیی ژن وەک ملکی پیاو سەیر دەکەن.

ئێمە کە دوایین ڕۆژەکانی سەدەی چوارەدەیەمی هەتاوی تێپەڕ دەکەین، ڕێژیم پتر لە سێ ساڵە، لە بەفرانباری ١٣٩٦ وە هەتا ڕەشەممەی ١٣٩٩، تووشی بەرخۆدانی زیاتر لە لایەن هەموو چین و توێژەکان لە تاران و شارە گەورەکان بۆتەوە و لەنێوە نەتەوە نافارەسەکانیش دا، بەتایبەتی، گەلانی کورد، بەلووچ و عەرب دا، ناڕەزایەتییەکان پتر لە پێشوون. سێ دەستەی ١٤ کەسی نامەیەکیان واژۆ کردەوە و خوازیاریی دەست لە کار کێشانەوەی عەلیی خامنەیی — ڕێبەری نیزامن- دوو دەستەی ئەوان ژنان، کە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەژین. ژنان و پیاوانی نێوخۆی ئەوکارە بوێرانە و نەترسانەیان کرد، و هێڵێکی زۆر سووریان شکاند، زۆربەی هەرەزۆریان زیندانی کراون و ماوەیەکی زۆریان زیندان بەسەرداسەپاندوون!!!؟؟ کۆماری ئیسلامی لەبەر دەستێوەردانەکانی ناوچەیی و پێکهێنانی شەڕ و ئاژاوە تێیان دا، و گەیشتن بە "هیلال و مانگی شیعی" و گەیشتنەوەی زۆربەی هەرەزۆری سەرداوەکانی تێرۆڕ لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ لای ئەو، هەم سپای پاسداران لە لیستی تێرۆڕ دایە و هەم بە وتەی کەیهانی شەریعەتمەداریی سەر بە بەیتی ڕێبەریی ١٥٠٠ گەمارۆی لەسەرە. سەرەڕای شپەرزەیی ئابووری، ئاوسانی بەردەوام و بێ نرخی پووڵ و گەندەڵی میلیاردییەکان، چووکە بوونەوەی زۆربەی سفەرکانی ژیان، شۆڕبوونەوەی هیلی هەژاریی بۆ چینی مام ناوەندیش، درۆ و دەلەسە و فێڵ و تەڵەکەکانی لە چوارچێوەی "تەقیەی شیعە دا" و ناکارامەی نیزامەکەیان، کە بە بەرجام سەری گەلانی ئارایی لە ئێران گەرم دەکەن. بۆ نەهێشتنی ئەو هەمووە دەرد و ئازارانە، دوو ڕەهەندیی خەبات زۆر گرینگن، کە دەرووەستمان دەکەن.

**یەکەم**. خەبات و تێکۆشان بە دژی ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەهێشتنی سەرەڕۆیی دینی، بە یەکگرتویی هەموو گەلانی ئێران، بە تایبەتی یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی و لە نێو ئەوان دا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دێموکرات و بەربرین کردنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ئیتلاف

و جۆرێک کۆ خەباتی هاوبەش لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان لە دەرەوە و پشتیوانی و بەهێزکردنی بزووتنەوەکانی نێوخویی. هەروەها، یەکگرتوویی هەموو ڕێکخراوەکانی مەدەنیی ژنان لەو راستایە دا.

**دوویەم**. هاوبەشی ژنان لەگەڵ پیاوانی یەکسان خواز، بۆ ئازادی و یەکسانی و گەیشتن بە مافی نەتەوەییە. لەو ڕەوتە دا، ژنان و کچان وەزە و توانایی زۆریان هەیە کە دەتوانن ڕۆڵی زۆر گەورە بگێڕن.

پەرەگرتوو بێ خەباتی هەمەی لایەنە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی و گەیشتن بە یەکسانی.

سەرکەوێ خەبات و تیکۆشانی فرە چەشنییەکان، بە بەشداریی هەرچی پتری ژنان و کچان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٩ بەرانبەر بە ١٥ ی مارسی ٢٠٢١

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

# ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان نیشانەی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی ژنانە




**پەیامی پیرۆزبایی بۆ یادی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**بەرێزان کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنان**

سەرەتا بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی ڕیکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنان و کادر و ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەتان دەکەم و هیوادارم کە هەردەم لە گەشە و لە پێشکەوتن دابن.

دامەزرانی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان یەکێک لە دەسکەوتە گرینگ و دیارەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ڕۆژی ٢٤ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ ی هەتاوی پێش ئەوەی بەهاری ڕەنگینی کوردستان دەست پێ بکات، بەهاری کوردان لە ٢ی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا جوانی و سەوزایی و بۆن و بەرامی تازەی لە کوردستان دا بڵاو

کردبێوە و گوڵێکی جوان و ڕازەوەی بە ناوی " حیزبی ژنانی دیموکراتی کوردستان " لە بەرۆکی ژنانی کورد و مرۆڤە یەکسانیخوازەکان دابوو، ئەو دەسکەوتە گرینگە بوو بە چەخماخەی شۆڕشێکی نوێ بۆ ژنان و بە تایبەت ئەوانەی خولیای کاری ڕێکخراوەیی بوون.

لە ٧٥ ساڵ پێش ئێستا دا دامەزرانی ڕێکخراوەی ژنان وێرای تابۆ شکاندنی کۆمەڵگای کوردستان لە هەمان کاتدا بیری پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان و شەخسی شەهید پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی نیشان دەدا. هەر لەم کات و ساتەدا ناکرێ ڕۆڵی پێشەنگی و بوێری نەمر زیندەیاد خاتوو مینا قازی و بەشێک لە ژنانی بوێری ئەو سەردەم نەبینن، هاتنە مەیدانی پۆلێک ژنی یەکسانیخواز نیشانەی هەست بە بەرپرسایەتی کردن بوو لە ئاست کۆمەڵێک پێشێلکاری لە کۆمەڵگای داخراوی ئەو کاتدا و لە هەمانکاتدا بەشداری کردن لە کایەی سیاسی و مەدەنی و ڕێکخراوەیی دا بوو.

حەفتاو و پێنج ساڵ خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەی ژنان نیشانەی بەردەوامی خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، وێرای ئەوە کە لە ماوەی ٧٥ ساڵ دا ڕێکخراوەی ژنان سەرکەوتن و دەسکەوتی مەعنەوی و سیاسی تایبەت بە خۆی هەبووە، لە هەمان کاتدا ڕێکخراوەی ژنان تووشی نسکۆ و پاشەکشە و وەستانی کاتیش بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بۆ ساتێک لە ئامانجەکانی خۆی دەستبەردار نەبووە و پاشەکشەی لە ویست و داخوازییەکانی نەکردووە و لە پێناو ئامانج و درووشمەکانی دا خەباتێکی سەخت و خوێناوی و بەرحەقی بەڕێوەبردووە.

لە درێژەی ئەو خەباتە سەختەدا، شەهید بوونی دوو سکرتێری یەک بە دوای یەکی ئەو ڕێکخراوەیە لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان دا شەهیدان خاتوو نەسرین حەدداد و خاتوو سوهەیلا قادری ئەگەرچی ئازارێکی بەژان بوو، بەڵام درێژەدانی ڕێگای پڕ سەروەری و هەستانەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژێر ئەو بارە قورسەدا، هیوا و ئومێدی زیاتری بە ژنان و بە یەکسانیخوازان بەخشی و ئەو ڕێکخراوەیە کە یادگاری کۆماری کوردستانە زیاتر خۆشەویست کرد و بە خۆشیەوە هەر ئێستا بە هەزاران ژن و پیاوی یەکسانیخواز لە دەوری بازنەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دا کۆبوونەوە و خەباتی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان درێژە دەدەن.

لەو یادە پیرۆزەدا سەری ڕێز بۆ هەموو ئەو ژنە خەباتکارانە دادەنوێنم کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و لە سەنگەری ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان دا خەبات دەکەن و لەو ریگایەدا شەهید بوون، سەری ڕێز بۆ ئەو ژنە بوێر و خەباتکارانەی

کورد دادەنوێنم کە لە سەر بیری سیاسی و ئازادیخوازی ، یەکسانی ، کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دا لە ژێر هەڕەشەی گیران و زیندان دا خەباتی خۆیان درێژە دەدەن و ئێستا بە تاوانی کاری خۆبەخشانە لە گرتووخانەکانی ڕژێمی ئێران دان.

سڵاو لە ژنانی خەباتکاری کورد
سڵاو لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

جارێکی دیکەش ئەم ڕۆژە لە گشت لایەک پیرۆز دەکەم و بە هیوای ئەو کە ژنی کورد بە ئامانجەکانی خۆی کە ئازادی و یەکسانییە بگات.

حەمەڕەسووڵ کەریمی

٢٤ ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ ی هەتاوی

بەرامبەر بە ١٤ . ٠٣ . ٢٠٢١ ی زائینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

## ڕێز و وەفا بۆ ٧٥ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی و یەکسانی دا. شوعلە قادری




**تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان!**

**حەفتاو پێنج ساڵ لەمەبەر لە ٢٤ی رەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستان دا بۆ یەکەم جار ڕێکخراوێکی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان دامەزراو تا ئێستا بە گوێرەی هەڵ و مەرجی ناوچەکە, کەم و زۆر چالاکیەکانی بۆ دەستەبەر کردنی یەکسانی و مافی نەتەوەیی لە کۆمەڵگا دا بەڕێوە بردوە. هەربەو بۆنە پیرۆزەوە لە پێشدا ڕێزو ئەمەگناسی خۆم پێشکەشی بنیاتنەرو دامەزرێنەری یەکیەتی ژنان، قازی محەممەدی نەمر دەکەم، کە هەر ٢ مانگ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان مزگێنی ئەو ڕووداوە ی لە هەڵو مەرجی عەشیرەتی و دواکەوتوویی ئەو کاتی کوردستان دا راگەیاند.**

**دواتر پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەشی هەموو ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان دەکەمو سەری رێز و وەفا دادەنوێنم بوشەهیدانی سورخەلات، بەتایبەتی دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکی ڕێکخراوەکەمان،**

شەهیدان نەسرین حەددادو سۆهەیلا قادری. بەو هیوایە ڕێگای خەباتیان تا وەدی هاتنی ئامانجەکانیان کە یەکسانی کۆمەڵگایە ئاوەدان بێت.

ڕێکخراوەکەمان لە کاتێک دا یادی حەفتاو پێنج ساڵەی خۆی دەکاتەوە کە لە وڵاتەکەماندا ژن خاوەنی سەرەتایترین مافی ئینسانی نیە. هەموو دەنگو بزووتنەوەیەکی ژنان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیم کپ دەکرێ. زۆربەی ژنان لە ژێر ئەو هەموو فشارەی کە لەسەریانە، بێ هیوا لە داهاتوو، کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. بەڵام لە بەرامبەر دا هەشە کە بە خۆشیەوە بەشێکی زۆر لە ژنان ڕۆڵێکی باش و سەرکەوتوو دەگێڕن و لە ڕێگای هەموار کردنی خەبات دەبنە ڕێنیشاندەر و لە زۆر بوار دا شان بە شان پیاوەکان و بگرە زیاتر لەوانیش تێدەکۆشن. هەر بۆیە دەبێ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان حەول بدا هەلە زێڕینەکان بقۆزێتەوە و پەل و پۆ بهاوێژێت و حەولی بە ئاکام گەیاندنی خەباتی یەکسانی لە پاڵ خەباتی نەتەوەیی بدا.

لە کۆتایی دا هیوادارم بە هەوڵی هەمە لایەنە چالاکیەکانی ژنان بەرینتر ببێتەوە و ژنان لەسەر داواکانیان شێلگیرتر لە رابردوو بن.

جارێکی دیکە ٢٤ی رەشەمە حەفتاو پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕات لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

شوعلە قادری

١٢ - ٠٣ - ٢٠٢١ سوئێد

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

# پەیامی ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**ئامادەبوانی بەڕێز**
**هاوڕێیانی خۆشەویست**
**ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**ژنانی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**سڵاوێکی گەرمی خەباتکارانەتان پێشکەش**

به بۆنەی تێپەڕینی ٧٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوادارم لە ئەرک و کارەکانتاندا سەرکەوتوو بن و بەو ئامانجە، کە وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادە و یەکسانە، بگەین.

- دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، دەسکەوتی قۆناغی سەروەریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی کۆماری کوردستانە.

کۆماری کوردستان بە مانای تایبەتی وشە، "ڕووداوە"؛ دابڕانی لە ڕەوتی مێژوودا دروست کرد و بوو بە خاڵێکی

وەرچەرخان، بوو بە نوقتە عەتف. کۆماری کوردستان "مێژوویی"شە، کاریگەریی درێژماوە و ماندگاری لەسەر بزاڤی کوردستان و کۆی پرۆسەی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد دانا؛ ڕێبیڵگوزاریەکی کرد کە تا ئێستاش ئێمە لەم چوارچێوەدا هەنگاو دەنێین. دەسپێک و بناغەیەک بوو کە ئێمە لەسەری دەڕۆین و لەسەری هەڵدەچنین تا ئەم ساختومانە نەتەوەییە تەواو دەکەین، خاکی کوردستان ڕزگار دەکەین، کە ساختومانەکەشمان تەواو کرد، دەست دەکەین بە ڕێکخستنی نێومالی کوردستان و جوان و جوانتری دەکەین؛ کار دەکەین بۆ چارەسەر کردنی پرسە کۆمەڵایەتیەکان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە، پێبەپێی هەوڵدان بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی و گرینگیدان بەم پرسە،گرینگی بە پرسی ژن و مافەکانی داوە، لە ڕۆشنگەری و هەنگاوی بەکردەیی دریغی نەکردوە. دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ٧٥ ساڵ لەوە پێشدا سەلێنەری ئەو ڕاستییەیە. ئەم کارە، کە لە زەمانی خۆیشی لەپێشتر بوو، ڕادەیەی پێشکەوتوویی بیری سەرۆککۆماری کوردستان، قازی محەمەد و بەرێوەبەرانی دیکەی کۆمار و حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشان دەدا. ئەوە زۆر گرنگ و ماناداره لە کۆمەڵگەی ٧٥ ساڵ لەمەوبەردا ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دامەزرێ؛ ئەمە ڕچەشکێنییەکی گەورە بوو؛ ئەمە وەرچەرخانێک بوو.

ئامانجی حیزب تەنیا چارەسەر پرسی نەتەوەیی و ڕزگاریی خاک نیە، بەڵکوو ئەمانە زیاتر وەک بەستێنێک دەبینێ بۆ دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیکی مافتەوەر، کە تێیدا ئازادیی تاک و کەرامەتی مرۆڤەکان بە ژن و پیاوەوە بپارێزرێ و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە مافەکانیان بەهرەمەند بن.



ئەو تەبعیزەی لەهەمبەر پێگە و مافی ژنان لە کۆمەڵگەکانی مرۆییدا هەبووە و هەنووکەش بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، ڕیشەیەکی کۆنی مێژوویی هەیە؛ بە چەشنێک کە ئەم تەبعیز و جیاوازیدانانە نەهادینە بووە و لە هەموو بوارەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا خۆی دەرخستوە. بە دەربڕینێکی ڕوونتر تەبعیز بە نیسبەت ژنان پێکهاتەیی بووە و لە پێکهاتەی زمان، ئەندیشە و پێکهاتە کۆمەڵاتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگی داوەتەوە. لەڕاستیدا لەجیاتی ئەوەی ئەو جیاوازییە فیزیۆلۆژیکی و سروشتیانەی لەنێوان ژن و پیاودا هەن، ببنە مایە فرەچەشنی و جوانترکردنی ژیان، کراونە ئامرازی ناحەز کردن و دیفۆرم کردنی ژیان؛ کراونە بنەمای دروست بوونی هاوکێشە و دوانەییەک، کە وەک پێشگریمانەی هەموو پێکهاتە مرۆییەکان ڕۆڵی بینیوە؛ هاوکێشە و دوانەیی باڵادەست و ژێردەست، ناوەند و پەراوێز. کاتێک باسی پێکهاتەکان دەکەین، باسی ناوەند و پەراوێز و ئەو یارییەش دەکەین کە لەنێو خۆیان و لە چوارچێوەی خۆیاندا ڕێکی دەخەن.

کۆمەڵگەی ئازاد بەوە بەدی نایە کە ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە بکرێتەوە، کۆمەڵگەی ئازاد بەوە وەدی نایە کە ژێردەستی ئەمڕۆ ببێتە سەردەستی سبەی، کۆیلەی ئەمڕۆ، ببێتە ئاغای سبەی، بەڵکوو کاتێک وەدی دێ کە هەموو ئەو پێکهاتانەی لەسەر بنەمای دوانەیی شکڵیان گرتوە، بشکێندرێن و لەبنەڕتدا دوانەی ناوەند و پەراوێز نەمێنێ و یاریی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و پێوەندییەکی ئاسۆیی ڕێک بخرێتەوە.

ئازادی چەمکێکە کە لەنێو کۆمەڵگەدا و لەپێوەندی لەگەڵ ئەوی دیدا مانا دەدا؛ بە واتایەکی تر ئازادی یارییەکە کە لەنێوان مرۆڤە ئازادەکان و چین و توێژە ئازادەکاندا مانا دەدا. ئەم یارییە کاتێک مانا دەدا کە ئوسوول و یاسا و ڕێسای وەک یەک هەر دوو لایەن بگرێتەوە. ئازادی کۆمەڵگە بە ئازادیی هەموو چین و توێژەکاندا تێپەڕ دەبێ. ئازادی کۆمەڵگە بە ئازادیی ژندا تێپەڕ دەبێ. پیاوان ئازاد نابن تا ئەوکاتەی ژنانیش ئازاد نەبن و تا ژنی کۆیلە و ژێردەست هەبێ، ئازادیی پیاو لە ناوێکی بێ نێوەرۆک زیاتر نیە. لێرەدا دەمەوێ بێژم خەبات بۆ مافی ژن، تەنیا ئەرکی ژنان نیە، بەڵکوو ئەرکی پیاوانیشە. ئازادیی ژن زەروورەتێک نیە کە تەنیا بۆ ژنان لە ئارادا بێ، بەڵکوو بە هەمان ڕادە بۆ پیاوانیش لە ئارادایە. ئەگەر پیاو دەیەوێ ئازاد بێ، دەبێ هەوڵ بدا وێڕای ژنان، بۆ ئازدیی ژن تێبکۆشێ. ئەگەر پیاو دەیەوێ بەهێز بنوێنێ، دەبێ یاری و تەعامولیشی لەگەڵ ژنی بەهێز بێ و ژنانیش وەک وی، لە هەلومەرجی یەکسان بەهرەمەند بن. ئەگەر ژیان بە واتایەک بریتی بێ لە ململانێ و ڕەقابەت، ئەوە کاتێک ئەم دوو چەمکەی دوایی مانا دەدەن کە لەنێوان کەسانی بە هەلومەرج و دەرفەتی وەک یەک، لە ئارادا بێ. تا ژن کۆیلە بێ، پیاو لە کۆیلەیەکی بەدەسەڵاتتر، زیاتر نیە.

ـ ئەگەر ئاوڕێک لە پێگە و پرسی ژن لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە، دەتوانین ئاوا وێنای بکەین: پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی گۆڕاوە، پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، نۆرم و بایەخەکانی

کۆمەڵگەش گۆڕاوە. یەکەم: کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگە سروشتێکی بگۆڕی هەیە و ستاتیک و نەگۆڕ نیە،




کۆمەڵگەی ئێرانیش لەم قاعیدەیە بەدەر نیە ئەویش وەک هەموو کۆمەڵگەکانی دیکە گۆڕانی تێدا پێک دێ؛ دووهەم: کۆمەڵگەی ئێران لەژێر تەوژمی دیاردەی بەجیهانیبوون و تەقینەوەی زانیاریدا و لەژێر کاریگەریی تۆڕی پێوەندییەکانی ئینترنێت، گۆڕاوە. زمان و وێژمانی کۆمەڵگەی ئێران گۆڕاوە و لەبەر ئەوەی کە زمان و وێژمانی دەسەڵاتی زاڵ، لە ڕابردوودا چەقیوە و لە کۆمەڵگە بەجێ ماوە، کەلێنیان لەنێواندا دروست بووە، بە چەشنێک کە ئەو متمانە و پردی پێوەندییەی کە مەفروزە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتی زاڵدا هەبێ، لەگەڵ تەنگەشە بەرەوڕوو بووە. یەکێک لەو بەشانەی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە گۆڕاوە، ڕوانینی ژنان بۆ خۆیانە، ڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنانە، ئەو پێناسەیە کە بۆ ژن و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا دەکرێ. ئەمڕۆ ژنان لە بواری خوێندندا وێڕای پیاوان و تەنانەت زیاتر لەوانیش خۆیان پێش خستووە و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ خودئاگایی ژنان و چاوکراوەییان لە کۆمەڵگەدا. ئەمڕۆکە ژنان وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی چالاک لە بواری جۆراجۆری کولتووری، زمانی دایک، ژینگەیی و سیاسیدا ڕۆڵیان هەیە و دیارن؛ مافەکانی خۆیان دەزانن و هۆکاری بنپێ کردنی مافەکانی خۆیشیان دەزانن، بۆیە ڕووبەڕووی ئەو سیستمە دەبنەوە کە دەیەوێ لە خانەیەکی دیکەدا پێناسەیان بکا و بە پێچەوانەی مەیل و داخوازییەکانیان بجووڵێتەوە.

ئەگەر بەتایبەتی سەیری شانۆی کۆمەڵایەتیی کوردستان بکەین دەبینین کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان وەک ژن، لە ئاستی مافە نەتەوەییەکانیشاندا لەسەر هەست و لەسەر پێن. چالاک بوونی ژنان لە بواری پەروەردە بە زمانی دایک و نیشتمان خۆشەویستییان لە فۆڕمی پاراستنی ژینگەی کوردستاندا، سەلمێنەری

ئەم ڕاستییەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە مەیدانی پێشمەرگایەتیشدا شانبەشانی پیاوان خەبات دەکەن. هەموو داتا و زانیارییەکان پێمان دەڵێن ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بکەری هەرە چالاکی جڤاکن و خاوەنی وزە و پۆتانسیەلێکی زۆرن بۆ گۆڕانکاری. و لەبەر ئەوەی دووقات دەچەسێندرێنەوە، زیاتر لە پیاوانیش دەغدەغەی گۆڕانکارییان هەیە و خوازیاری گۆڕانی ڕادیکاڵن لەو سیستمە سیاسییەی کە لەگەڵ سروشتی ماف و داخوازییەکانیان ناتەبایە.

ـ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی چالاکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی ٧٥ ساڵ خەباتی بێ‌پسانەوەیدا، لەدژی نەریت و یاسا کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵگە خەباتی کردوە، فەرهەنگسازی کردوە، ڕۆشنگەری کردوە بۆ ئاشنا کردنی ژنان بە مافەکانیان و شکاندنی ئەو بەربەستانەی لەبەردەم ژناندان. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕێکخراوێکە بۆ ڕێکخستنی ژنانی ڕۆژهەڵات. فەلسەفەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان ئەوەیە کە ژنان بەبێ ڕێکخستن و خۆ سازماندان ناتوانن بە مافەکانیان بگەن. لەم ڕاستایەدا نەک پشتیوانی و هاوکاری، بەڵکوو هاوخەباتی پیاوان، پێویستییە. خەباتی ژنان بۆ مافەکانیان مەرجێکی پێویستە بەڵام کافی نیە، بۆیە پیاوانیش لەم پێناوەدا بەرپرسیارن؛ هەروەک پێشتر وتمان، لەڕاستیدا خەباتی ئەوان، بۆ ئازادبوونی خۆیشیانە، چونکە بەبێ ئازادیی ژن، ئازادیی پیاویش مسۆگەر نابێ.


یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی یەکسالی ڕابردوودا، چالاک بوون و چالاکیی جۆراوجۆریان هەبوو، هەم هەوڵیان داوە لەگەڵ ژنانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات لە پێوەندیدا بن و ڕۆڵێکی دوولایەنە و تەواوکەری یەکتریان هەبێ، هەمیش لێرە بە کۆڕ و سمینار و کلاسی پەروەردەیی، قورساییەکی زۆریان بە پێگەیاندن و ئامادەکردنی کەسەکان بۆ خەبات و فەرهەنگسازی داوە. هیواداریـن بتوانن زیاتر لە پێشووش کاریگەر بن و ئەمەش بێگومان بە پلان و بەرنامەی تۆکمە و بە هەبوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەگەڵ ژنانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و بەیەکەوە هەوڵدان بۆ مافەکان، دەکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەک پێشوو لە هیچ هاوکاری و پشتیوانییەک دریغ ناکا و خەبات بۆ پرسی ژن بە ڕەسالەتی خۆی دەزانێ و پێ‌بەپێ و هاوتەریب لەگەڵ پرسە فەراگیرە نەتەوەییەکە، بۆ پرسی ژنیش تێدەکۆشی.

جارێکی دیکە پیرۆز بێ ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
تا وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان لە خەبات کردن بەردەوامین.

سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

## پەیامی پیرۆزبایی حەسەن حاتەمی لە یادی دامەزرانی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دا




**ڕێز و وەفا بۆ ٧٥ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی و یەکسانیدا**
**تێکۆشەرانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان!**
**ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز!**

بە بۆنەی ٧٥ مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی ژنانی کوردستان، لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ (١٥ ی مارسی ١٩٤٦) دا، کە بە حیزبی پایانیش ناوی دەبرێ، و لە درێژەی ئەو خەبات سەخت و دژوارە دا، یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و نزیکەی ١٥ ساڵ یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان، پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم. لە یەکەم هەنگاوی گەورە و بوێرانە و ژیرانە ڕێکخراو سازی تایبەتی ژنان دا، کە پێشینە و رابردوویی کەمی لە نێو هەموو کوردستان هەبوو، و لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر نەیبوو، حیزبی دێمۆکڕاتی ژنانی کوردستان، بە هیممەتی یای مینای قازی، یەکەمین بەرپرسی ئەو حیزبە، و کچەکانی و پشتیوانی زۆر بەهێزی یەکەم سەرکۆماری کورد، نەمر پێشەوا قازی محەممەد و زۆربەی رێبەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و پیاوە ماقووڵانی ئەوکاتی کۆمەڵگەکەمان و خوێندەوارەکانی ژن و پیاو، سەرەتا لە مەهابادی، پێتەختی کۆماری کوردستان، و دواتر پەلوپۆ هاویشتنی بۆ بەشێک لەو ناوچانەی کە کۆماریی تێدا دامەزرابوو.

ڕەهەندی مەدەنیی لە کەش و هەوایەکی ئازادی دەسەڵاتێکی خوشەویستی گەلی دا، و ڕێکخراوسازیی تایبەتی ژنان و هاتنە مەیدانیان، کە سیمایەکی مودێڕنتریان دا، بە "دەوڵەتی جمهووری کوردستان". بە قەولی خانمی شەهرزادی موجاب لە پێشەکیی کتێبی "ژنان یەک میللەتی بێ دەوڵەت و کوردەکان (ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦) دا، وەرگێڕانی کاک ئەحمەدی ئەسکەندەریی لە ساڵی ٢٠٠١ دا، دەڵێ: دامەزرانی حیزبی ژنان بە دێمەن بەرجەستەترین هەنگاو بوو، کە لە لایەن ڕێبەریی حیزب لە پڕۆسەی نەتەوە سازی دا، هەڵێنراوە.

بەو تایبەتمەندیانەی سەروو کە ئەنجومەنی فەرهەنگیی و قوتابخانەکانی کچان و پەرەپێدانیان و بەهێزی کردنی فێرکاریی و بارهێنان بە زمانی دایکی کوردی، کە فەرمی بوو، بە ڕۆژ و بە شەو هەنگاویی زۆر ئەرێنی بۆ پێشکەوتنی هەرچی پتری ژنان و کچان گەشە دان بە تواناکانیان بوو.

بۆیە لە خەبات و تێکۆشانی ٧٥ ساڵەی ژنان و کچان، بە تایبەتی پتر لە ٤٠ ساڵی رابردوو دا، خەبات لە شەقامەکان و نێو کۆمەڵگەدا، لە شاخ و پێشمەرگایەتی و بەرخۆدانی بەرگریی چەکدارانەی شەڕی داسەپاو دا، لە تاراوگە و ئاوارایی و دور لە زێد و نیشتیمان، چالاکیی ژنان و کچان دا، بە هەموو کەموکووڕییەکان، سیمایەکی دیار و ئاڵاگەلێکی شەکاوەن بۆ لە ڕەوتی بزووتنەوەی ئازادیی و یەکسانیخوازی و مافی نەتەوەیی دا.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، لە ڕێکخراو سازیی سەرانسەریی ژنان لە ئێرانیش دا، وەدوا نەکەوتون. دواکەتوو هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە لایەن دەسەڵاتدارانی سەڕۆیی شایی و فەقیهی، هەنگاوە بوێرەکان و مێژوو سازییەکەی و خەبات کردنی لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی ئارایی دا، ٧٥ ساڵی "ئاڵماسین"ی تا ئیستا، تۆمار کردوە.



ئێمە لە حالێک دا، یاد لە خەباتی ژنان دەکەینەوە کە ژنان و کچان لە ئاستی جیهانی ٨ ی مارسیان خوڵقاندراو بە خوین خەبات بەرەو گەشی پتر دەچێ، فێمێنیسم و یەکسانیی خوازی گەشە دەکا و پیاوانی پشتیوان و هاوخەبات روو لە زیادبوونن، لە ژێر سیستێمی ئایینی و مەزهەبیی لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، کە ژن بە نیوە مرۆڤ، لە شاهیدی و میرات و شێوەی ژیان دا، حیساب دەکرێن و بە ملکی پیاو لە قەڵەم دەدرێن، ئەو دیاردانە بە هۆی خەبات و تێکۆشانی چەند لایەنە، پێشکەوتنەکانی پتر لە دوو دەیەی سەدەی ٢١م، لاواز و لاوازتر دەبن.

کچان و ژنان لە ئێران، بەهێزتر و بە ئەژماری پتر لە سێ ساڵ رابردوو دەرکەوتوون. لە بەفرانباریی ١٣٩٦ دا، کچانی شەقامی شۆڕش، لە تاران کە دروشمی: ئیسلاح تەڵەب، ئوسولگەرا، ئیت تەواوە ماجرا، دا، هەم لە خەباتی زۆرەملێی رووپووشی (حیجابی داسەپاو) دا، ڕێژیمی کۆماریی ئیسلامی سیاسیی ویلایەتیی موتڵەقەی فەقییان، تووشی بون بەست و جۆرێک "ئاچمەز" کردوە، هەم خەباتی سەرانسەریی تا ڕادەیەکی زۆر یەک دەستتر کردوە.




زیندانییەکانی سیاسی، مەدەنیی، ژینگە پارێزی، رۆژنامە نووسی، تاراوگە نشینی (دو تابعیتی)، ژنان و کچان ڕێژیان زۆر چۆتە سەر. دەستدرێژی و ئازاریی جەستەیی و دەروونی ئەو زیندانیانە، بەڵگەیەکیی گرینگی کاریگەریان، لە خەبات و تێکۆشان دایە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەکان و فەزای مەجازی دا، ژنان و کچان چالاکانەتر لە ساڵانی پێشوو ئەو رەهەندەیان رەنگاوڕەنگ تر و بەرفراونتر و چالاکتر کردوە. بۆیە ڕێژیم لە هەر رووداێکی گرینگی نێوخۆیی دا، ئینترنیت هەڵدەبڕێ و ئەو بەشە چالاکییە

کز دەکا.

لەو یادە مەزنە دا، کە دوایی ڕۆژەکانی سەدەی چاردەیەم و دەستپێکی سەدەی پانزدەیەمە، پێویستە، ژنان و کچانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناوچەی باکووری خوراسان، لە تاران و هەموو شار و شارۆچکەکانی کورد و ئۆگرانی ئازادی و یەکسانیخوازیی لێیدەژین، هەر جۆر بۆیان دەلوێ، لە خەبات و تیکۆشان، شان بە شانی پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیی ویست، ڕژدتر، بوێرانەتر، بە تاک و کۆ پتر لە مەیدان دا بن.

کاتێک کە سەردانی پاپ فڕانسیس بۆ عێراق و هەرێمی باشووریی کوردستان، شەن و کەو دەکرێ، گفتوگۆی پاپ دەریدەخا کە چارەنووسی بنەماڵەی نادیا موراد و ئیزدییەکانی کورد، کە لە کتێبی "دوایین کچ" (آخرین دختر) دا،کە هەواڵنێرێکی ژن، پێشکەشی پاپی دەکا، خوێندۆتەوە؛ لە بەشێک لە دەرد و ئازار و مەینەتییەکانی داعش لە گەڵ کوردان و نەیارانیان بەگشتیی و کچان و ژنانی کورد بەتایبەتی ئیزدییەکان کە ئەنجامیان داوە، دەبێتە هۆیەکی زۆر گرینگ، بۆ ئەو سەردانە، بانگهێشت کراوە، لە هەومەرجێکی زۆر ئاڵوز، پڕمەترسیی و پڕ کێشە و تێرۆر و خوێنڕێژی لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست دا.


لە کۆی ئەم تابلۆیانەی باسیان کرا نیشان دەدا، خەبات و تێکۆشانی ژنان و کچان، گەورەترین سەنگایی و سەرنجن لە هەموو کۆمەڵگەکان و جیهان دا. بۆیە وێڕای ڕێز و وەفا و بەڵێنی نوێ کردنەوە لەگەڵ هەموو شەهیدان و نەمرانی کچان و ژنان و سەرقافڵەکانیان یای مینا قازی، مامۆستا نەسرین حەداد وخاتوو سوهەیلا قادری. ئومێد دەخوازم پەرگرتوویی خەبات و تێکۆشانی کچان و ژنان لە هەموو ڕەهەندەکان پتر و پتر بن.

دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی ژنانی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان جارێکی دیکەش پیرۆز بێ.
بەڕێزەوە: حەسەنی حاتەمی

١٢ی مارسی ٢٠٢١، بەرانبەر بە ٢٢ی ڕەشەممەی ١٣٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

## پەیامی بەرپرسی بنکەی توندووتیژی دژ بە ژنان لە کۆیە بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان




**هاوڕێیان و خۆشەویستانم لە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان، ئەو یادەتان باش**

سەرەتای پەیامەکەم لە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان درود و سڵاو دەنێرم بۆ دامەزرینەری ڕێکخراوەکەتان خاتوو مینای قازی هەر لەو یادەدا درود و سڵاو بۆ هەر دوو سکرتێری شەهید خاتوو نەسرین حەدداد و هاوڕێی ئازیزم خاتوو سۆهەیلا قادری دەنێرم.



هەر لەو یـادەدا چڵە نێرگـزی بەهـاری ئەمسـاڵ ئەکەم بەیەخەی یەکەیەکەی ئەنـدامانی ڕێکخراوەکەتـان و یادەکەتـان لـێ پیـرۆز دەکەم و هیـوادارم هەمـوو لایەکمـان مانـدوو نەبـین لە داکۆکیکردن لە مـافە ڕەواکـانی ژنـان و هەر لێـرەوە بەڵێنتـان پێدەدەین کە چۆن لە ڕابـردو پشتیوان و هاوکارتـان بـووین لە داهاتوشدا بە هەمـان گڕ و تین لە خزمەتتـان دادەبـین بـۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمان بە یەکەوە هەنگـاو بنێین بـۆ بەدیهـاتنی خەونە گەورەکـانمـان کە سـەربەخۆیی وڵات و یەکسـانی ژن و پیاو عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

جارێکی تریش بەرز و پیرۆز بێت ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان

لەگەڵ ڕێزم

دانا حاجی عەبدواڵلە

بەرپرسی بنکەی توندووتیژی دژ بە ژنان لە کۆیە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

## پەیامی دێدەوان یەعقوب بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان



**بۆ؛ ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان**

**بابەت؛ پیرۆزبایی**

**بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی دەمەزراندنی یەکیەتیەکەتان یەکیەتیی ژنانی دیمۆ کراتی کوردستان هەر وەک پیرۆزبایی یادەپێشەنگیەتان لێدەکەین وهەمیش سڵاوی ئەمەک ئامێزبۆ میناخانمی قازی و تەواوی ژنانی خەباتکاری کاروانی درێژی خەباتی ئەویەکیەتیەدەنێرین کەبوونە ڕەچەشکێنی ڕێی خەباتی وەدەست هێنانی مافی ژنان و مافی کوردبوون.**

**ئەگەر ڕێکخراوەکانی ژنان تەنیا ئەرکیان کارکردن بووبێ بۆ مافەکانی ژنان ،ئەوا یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان هەم ئەرکی وەدی هێنانی مافی نەتەوایەتی و هەم مافی ژنانی لە ئەستۆبووە.**

**لە کۆتایشدا نابێ بەسەر مەرگ و شەهیدبوونی سکرتێرو ئەندامانی کاروانی پڕلەهەورازو لێژی دوورمەودای ئەو یەکیەتیە لەبیربکەین بەتایبەتی هەردوو شەهیدی قەڵا سۆهەیلەی قادری و نەسرین حەدداد.**

هەزار چەپکەگوڵی ئەمەکداری  و هومێدی ئەوەش دەخوازین یادەکانی داهاتوو لەڕۆژهەڵاتی ئازاددا بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

دێدەوانی یەعقوب

ڕۆژنامەنووس

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١

سەرچاوە
Serchawe

# بروسکەی پیرۆزبایی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان




هاوڕێیانمان لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان! بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان، جوانترین و ڕازاوەترین چەپکە گوڵی بەهار و نەورۆزتان پێشکەش دەکەین.

ئێمە لە کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان شانازی بە پەیوەندیی نیوان هەردوو ڕێکخراومان دەکەین لە مێژووی خەباتمان بۆ بەدیهێنانی مافی ئافرەتان لە هەر کوێیەک بوبین نوێنەری پر متمانەی یەک بووین، داخوازیی ئافرتانی گەلەکەمان ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوە کانمان بوون.

ئێوەی تێکۆشەر و ڕێبواری ئازادی نیشتیمانی زەوتکراو ڕێگەتان سەخت و دژوارە قوربانی زۆرتان داوە، لەلایەک تێکۆشان بۆ نەتەوە و لەلایەکی تر تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەتان نزیکترین قوربانی شەهید بوونی هاوڕێیان (سۆهیلا قادری،نەسرین حداد) هەردوو سکرتێری یەک لە دوایەکی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان کە هەرگیز لە بیر ناکرێن لە مێژووی تێکۆشانی ئافرەتانی کورد،وەک چرایەکی درەوشاوە ڕووناکی بە خەباتی ئافرەتان دەدەن.

بەرزوو پیرۆز بێت یادی دامەزراندنی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان

**٢٤ی ڕەشەمە**

**نەمری بۆ شەهیدان و بەردەوامی وسەرکەوتن بۆ ئێوە**

**کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان**

**لیژنەی کۆیە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢١**

---



## بەشێک لە پەیامی پیرۆزبایی و یادکرنەوە بە بۆنەی دامەزرانی ٧٨ ساڵەی یەکیەتیی ژنان

### پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە




**ژنانی یەکسانیخواز!**
**خەڵکی ڕزگاریخوازی کورستان!**

٢٤ی ڕەشەمەی ئەوساڵ یادی ٧٨ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دەکەینەوە کە لە قۆناغێکی مێژوویی لە خەباتی گەلەکەمان و لەسەردەمی کۆماری کوردستان دامەزرا.

یەکیەتیی ژنان بەرهەمی دۆخێکی دێموکراتیک بوو و لێهاتوویی و بیرتیژی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کوردستان

بوو کە بۆ هاتنە مەیدانی ژنان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان دامەزرا. لە سەردەمێک کە ژنان لە جیهان لە زۆربەی مافەکانیان بێبەش بوون و لە کۆمەڵگەی کوردەواری کەلتوور و داب و نەریت ئیزنی هاتنە دەرێ لە چوارچێوەی ماڵی پێنەداون، دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان گرینگیدانی حکومەتی کوردی بەو پرسە دەگەیەنێ.

تێکۆشانی ڕێکخراوەیی بە شێوەیەکی مۆدێرن لەو سەردەمە ئاستی تێگەیشتنی پێشەوا قازی محەممەدی نیشان دەدا و بە هێنانە مەیدانی هاوسەری خۆی مینا خانمی قازی وەک یەکەم بەرپرسی ڕێکخراوەکە، ژنان و کۆمەڵگەشی ئەرکدارکرد تا لە بەرانبەر پرسی یەکسانی و تێکەڵکردنی ژنان بە کاروباری سیاسیدا هەمووان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. تێکۆشانی ژنان و ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان دوای ٧٨ساڵ لە سەردەمی پاشایەتی و سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا، ئەگەرچی دەسکەوتی بووە بەڵام نەیتوانیوە مافەکانی ژنان دەستەبەر بکا ئەوەش بە هۆی نەبوونی حکومەتێکی دێموکراتیکە کە بتواندرێ ئازادانە تێیدا چالاکی بکەن.

ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمووکات خەباتیان لە دوو سەنگەری یەکسانیخوازی و ڕزگاریخوازیدا بووە و ئەوەش هەم ئەرکی سەرشانی قورستر کردوون هەم جیاوازی کردوون لە ژنانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران، بەڵام هەر ئەو ئەزموونە لە خەبات و تێکۆشانیان وایکردووە کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی بەرزی سیاسیی دابێ.

ئێستاکە کارکردن بۆ پرسە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان تەنیا لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراوەکاندا نەماوەتەوە و هەمووی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات لە بەرانبەر پرسەکان خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن و چالاکی ڕێکخراوە مەدەنیی و کەسایەتییەکان لەو پێوەندییەدا زۆر بەرچاوە و کاریگەری ئەو چالاکییانەش لە بواری کەلتووری و زمانەوانی و ژینگەپارێزی وهتد...جیلی هوشیار و نیشتمان پەروەری پەروەردەکردووە.

خاڵێکی وەرچەرخان لە بزوتنەوەی ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپەرینی ژینا و بزوتنەوەی "ژن ژیان ئازادی" بوو کە چەندهەنگاوی پێکەوە بڕی. هاوپێوەندی ژنانی نەتەوەجیاوازەکان بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی ژنان یەک لەو خاڵە گرینگانە بوو کە ساڵها کۆماری ئیسلامی لە نیزیکبوونەوە وهاوسۆزی و هاوخەباتیان ڕێگری دەکرد. خاڵێکی دیکەی ئەو بزوتنەوەیە هێنانە گۆڕێی پرسی ژنان لەسەر شەقام وەک ژنی کورد کە بەڕوونی باسیان لە مەسەلەکانی شوناس وەک کورد و مەسەلەی یەکسانی وەک ژن کرد و پشتیوانی پیاوان و پێکەوەیی کارکردن لەو قۆناغە دەسکەوتێکی دیکەی ئەو بزوتنەوە بوو.

ئێستا و ١٨ مانگ پاش ڕاپەرینی ژینا، بڵێسەی ئەو ئاگرە هەر بەتینە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنانن کە سەرەڕای زەبر و زەنگ و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن تا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بە گوێی دەسەڵاتداران بگەیەنین و درێژەدەری بزوتنەوەی "ژن ژیان ئازادی" بن. ئەمڕۆکە دایکانی شەهید، بنەماڵەی شەهید، بوونە سەرقافڵەی کاروانی ئازادیخوازان و نەترسانە ڕووبەڕووی ڕێژیمی دژەژنی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە.

**ئازیزان!**

لە حاڵێکدا یادی ٢٤ی ڕەشەمە دەکەینەوە کە هەر لەو مانگەدا، بەناو هەڵبژاردنەکانی ئێران بەڕێوەچوو و سەرەڕای بانگەشە و بەڵێنی بەرپرسان، خەڵک بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەشداری کرد وبووە بە لاوازترین هەڵبژاردن و خەڵک یەکگرتوانە "نا"یەکی دیکەیان بە کۆمارەی ئیسلامی کووت کە ئەوەش درێژەی پەیامەکانی ڕاپەرینی ژینایە کە ڕونترین پەیامی، داوای ڕۆیشتنی کۆماری ئیسلامی و نەمانی ئەو دەسەڵاتە بوو.

بزوتنەوەی ژنان لە ئێستادا لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە یەکگوتاری و یەکگرتویی هەیە و زیندووبونی ئەو بزوتنەوەیە ئەرکی زیاتر دەخاتە سەرشانی ڕێکخروەکەمان و "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران" پاڵپشتی خۆی لە هەر جوڵە و تێکۆشانێک لە پێناو دابینبوونی مافە ئینسانییەکان، تێدەکۆشێ بە هاوکاری و هەماهەنگی و یەکگرتوویی خەباتی خۆی بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان بەرێتە پێشێ.

پیرۆز بێ ٢٤ی ڕەشەمە یادی ٧٨ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠٢٤

سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی پیرۆزبایی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران




بەڕێزان لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەرمترین پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

شاراوە نییە کە ژنانی شۆڕشگێڕ و بە هەڵوێستی کورد لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلەکەمان دا جێ پەنجەیان دیارە وهەروەها ڕۆڵ و دەوری ژنان لە مەیدانی خەباتی بە کردەوەدا شان بەشانی براکانیان لە خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان دا جێگای تایبەتی خۆی هەیە. ژنان لە مەیدانی خەباتی مەدەنیش دا مەیدانداری دەکەن و بە تایبەتی لە شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادی) ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی ئەو خەباتەدا بوون و کە بەداخەوە لە بەردەوامی ئەو خەباتەدا چەندین شەهیدیان پێشکێش بە بارەگای ئازادی کوردستان کرد.


جێگای داخە کە لە ئێستا دا بەشێکی بەرچاو لە ژنانی ئازادی خواز و یەکسانی خواز بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە ئینسانی و نەتەوەیەکانیان لە زیندانە تاریکەکانی کۆماری ئیسلامی دان و حوکمی قورسی بەندکرانیان بەسەر دا سەپاوە.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای پیرۆزبایی دووبارە هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان لە ئەرکە پیرۆزەکانتان بە ئاوات دەخوازێت.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٢٤ی رەشەممەی ١٤٠٢ ی هەتاوی

سەرچاوە:ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢٤

# پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران



**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**ژنانی خۆڕاگری کوردستان!**

بە بۆنەی دامەزرانی یەکیەتییەکەتان کە دەسپێک پەیوەستبوونی ژنانی کوردستان بە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمانە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و لەم ڕۆژەدا ئاواتەخوازین بە نەمانی سیستەمی داگیرکاریی لە کوردستان و سەقامگیریی قەوارەیەکی دێموکراتیک و دادپەروەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم پارچەکانی دیکەی کوردستان، ژنان بە هەموو مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن و کۆتایی بە سیستەمی پێشێلکاری و هەڵاواردنی زایەنی بهێندرێت.

لە ئێستەدا کە لە بەردەم ڕاپەڕینی "ژینا"داین و ئەم ڕاپەڕینە بە ناوی ژنەوە چەخماخەی لێ درا و ئامانجی دوایی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەرە، بۆیە لە دوای ئەم ڕاپەڕینەدا چاوەڕوانییەکان لە ئاستی ژناندا زیاتر لە جارانە و دەخوازێت کە ژنان بە یەکگرتوویی و ڕێکخستنی زیاتر شانبەشانی خوێندکاران، لاوان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و فاشیستی دەوڵەت ـ نەتەوەی داگیرکەر لە ئێران بهێن.

بژی خەباتی ڕەوای ژن ژیان ئازادی

بڕووخێت کۆشکی زۆر و ستەمی داگیرکەران

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان

٢٤ی ڕەشەممەی ٢٧٢٣ی کورد

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢٤

سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی تۆڕی میدیایی: کوردانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات

**به بۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران**

**ئێمە وەک تۆڕی میدیایی:**
**کوردانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات**

**بە بۆنەی دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران وەک ژنانی تێکۆشەر و خەباتکاری نیشتمان، وێڕای پیرۆزبایی خۆمان هیواخوازین لە کار و خەباتتان دا وەک هەمیشە بەردەوام و سەرکەوتوو بن و ڕۆژێک بێت بە نەمانی حوکمەتانی داگیرگەری وڵاتەکەمان و دامەزراندنی قەوارەیەکی دێموکڕات و ئازاد لە نیشتمانی دایک گشت ژنانی کوردستان وێڕای گەیشتن بە مافەکانی ڕەوای خۆیان و یەکریزی و یەکسانی لە کۆمەڵگا دا کۆتایی بە هەموو تەنگ و چەڵەمەی سەر ڕێی خەبات بهێندرێت،**

**هیوادارین کە هەتا گەیشتن بە مافەکانی گەلەکەمان بەگشتی و ژنان بە تایبەتی وەک هەمیشە بە هەستی شۆڕشگێڕانە و لە خۆ بوردووییتان وێڕای گەنجان و هەموو چین و توێژەکانی نیشتمانی داگیرکراومان بەردەوام و سەرکەوتوو بن.**

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی

تۆڕی میدیایی

کوردانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠٢٤

## بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ٢٤ی ڕەشەممە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕەشەممەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداری ژنان و ئەندامانی ڕێکخراو و ئەندامانی حیزبی و کادر و پێشمەرگە، ڕێوڕەسمێکی خنجیلانە بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە میراتی پێشەوا و کۆماری کوردستان و مینا خانمی قازی بوو، پێک هات.

دەستپێکی ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی "ئەی ڕەقیب" و ساتێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕزگاری و بە تایبەت ئەو ژنانەی کە لە پێناو بوون و مانی خۆیان و ئازادی و یەکسانی نەتەوەکەیان گیانیان بەخت کردبوو، دەستی پێکرد.

دواتر خاتوو شنە دروودگەر سکرتێری ڕێکخراو پەیامی یەکیەکیی ژنانی بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە پێشکەش بە

بەشداربووان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا خاتوو مژگان عەلی پور جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵاتی مینا خانمی قازی پێشکەش بە بزوتنەوی ژن، ژیان ئازادی کرا و هەموو ئەو ژنانی لەو ڕێگای و ڕیبازیدا قوربانیان دا و بە وتنەوەی تێکڕایی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە لایەن جەماوەری بەشدار بووی ڕێوڕەسمەکە ئەو خەڵاتە بەنرخە پێشکەش کرا.

ڕێوەسمەکەدا ٢٤ کیژ و کوڕی لاو بە نماد و سونبولی ٢٤ ڕەشەممە و بە بۆنەی نەورۆزی "مەشخەڵی ئازادی" کۆتا چوارشەممە ساڵی ١٤٠٢ و هەڵکردنێ ئاگری چوارشەممە سووری شایی و گۆڤەندی بەشداربووان بە کۆتایی گەیشت.

٢٤ی ڕەشەممەی ٢٧٢٣ی کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠٢٤

## بەرز ڕاگرتنی جێژنی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڵبەندی ١ی کوردستان



ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی ڕەشەمە هاوکات لە گەڵ ٧٨مین ساڵیادی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن کۆمیتەی یەکیەتی ژنانی دێمۆکرات لەمەڵبەندی ١ی کوردستان "جێژنیکان" ڕێز لەو ڕۆژەگیرا.

لەو چالاکییەدا بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لەمەڵبەندی ١ی کوردستان،هاوڕێ "سیمین ڕۆحانیزادە" بەهاوکاری ئەندامانی کۆمیتە بۆ ڕێزگرتن لەهەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لەسرووشتی بەهاری دا لەدەوری یەک کۆبوونەوە، لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا پەیامی پیرۆزبایی ٢٤ی ڕەشەمە لەلایەن خاتوو "سیمین ڕووحانیزادە" وەکوو بەرپرسی کۆمیتە ئاراستەی بەشداربووان کرا و هەروەها بەنیشانەی ڕێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لەو مەڵبەندە چەپکەگوڵ پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

چالاکییەکە بە هەڵپەڕکێ و گۆڤەندی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

١٤٠٢ی هەتاوی

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠٢٤

# بەرز ڕاگرتنی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# لە کەمپی گردەچاڵ



ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە کەمپی گردەچاڵ وێڕای بنەماڵەکانیان ڕێوڕەسمێکی جوان خنجیلانەیان بەڕێوە برد.

بو یادکرنەوەو بەرزرا گرتنی ئەم ڕوژە مێژوویە و پرسەروەریە کە لە لایەن گەورە پیاو و ئەوەلین سەرکوماری کوردستان پیشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد بریاری لێدراو پالپشتی کرا مەجاڵ و خالێک وەڕچەرخان بوو بو بزوتنەوەی ژنان لە ڕوژهەلاتی کوردستان، ئە وەک ژنانی ناو شورش لە هەموو دەرفەتەکان ئەبی کەلک وەڕگرین ببین بە نەمونەی پیش کاڕوانی ئەم خەباتە وئەگەر بمانهەوێت ئیرادەمان بەهێزە،

**٢٤ی ڕەشەمە**

**هەر بەو بونەوە شانەی ژنانی کەمپی گردەچاڵ سەر بەم ڕێکخراوەیە شەوی ٢٤ لە سەرِ ٢٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی دەستیاندایە چالاکیەک بە بەشداری نزیک بە تەواوی دانیشتوانی کەمپی ناوبراو بە هەڵپەڕکی دڕوستکردنی خواردنی کوردەواری و چایی بە شیوەی خومالی لە سەر ئاگری داران،**

**ئەم مراسمە خنجلانەیە لە ساعاتی ٩ دەستی پیکرد و تا درنگانی شەو دریژەی هەبوو، بە پیویستی دەزانین سپاسی بەشداری پیاوان بکەین کە بو پشتگیری ئیمە تەواو هاوکارن بوون و شادی خویان نەشاردەوە،**

**(ئیرادەمان بەهێزە بو درێژی خەباتی یەکسانیخوازی) ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە کەمپی گردەچاڵ**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠٢٤**

---






کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی = مارچی ٢٠٢٤ی زایینی